IslamHouse.com

# پوختەی بنەماکانی ئیمان و ئیسلام: باسی حەج

عەبدوڵلە موحەمەد ئەلتەیار

ئەم بابەتە بەشێکە لە پەرتوکی پوختەی بنەماکانی ئیمان و ئیسلام، وە ئەم باسانەی لەخۆ گرتووە: ١- حەج و حوکمەکانی. ٢-حەجکردن هەنگاو بە هەنگاو. ٣- عومرەکردن وحوکمەکانی.

https://islamhouse.com/2809972


- ئەحکامەکانی حەج وعومرەکردن
  - پوختەیەك:
  - پێناسەی حەج:
  - فەزڵەکانی حەج:
  - ئامانجەکانی حەج:

- مەرجەکانی حەج:
- بەشی یەکەم: ئەو جۆرەی کە پیاو وژن تێیدا هاوبەشن، ئەمەش چوار لایەن دەگرێتەوە:
- ئەرکانەکانی حەج:
- واجبەکانی حەج:
- گرنگترین سوننەتەکانی حەج:
- کات وجێگاکانی نیەتی ئیحرام هێنان بەحەج:
- جێگاکانی نیەتی ئیحرام هێنان:
- مەناسیەکەکانی حەج:
- جۆرەکانی نیەتی ئیحرام هێنان:
- ئیحرام دوو واجبی هەیە:
- سوننەتەکانی ئیحرام:
- یەکەم: ئەو شتانەی بۆ پیاوان و ژنانیش قەدەغەن لەکاتی ئیحرامدا:
- دووەم: ئەو شتانەی کە تەنها لەسەر پیاوان قەدەغەن:
- دووەم: تەلبیە کردن .

- حوكمی تەوافكردن:
- مەرجەكانی تەوافكردن:
- سوننەتەكانی تەوافـــكردن:
- مەرجەكانی دروستی هاتوچۆی نێوان صەفا ومەروە ئەمانەی خوارەوەیە:
- مەرجەكانی وەستان لە عەرەفە:
- سوننەتەكانی مانەوە لە عەرەفە:
- شەشەم: مانەوەی شەو لە موزدەلیفە:
- كاتی مانەوە لە موزدەلیفە:
- ئەو كارە سوننەت و مەشروعانەی لە موزدەلیفە ئەنجام دەدرێن:
- مەرجەكانی بەرد دان لە جەمەرەكان:
- سوننەتەكانی بەردهاوێشتنی لە جەمەرەكان:
- حوكمی سەرتاشین یان كورتكردنەوەی:

- نۆیەم: سەر بڕینی ئاژەڵ (ذبح الهدی):
- مەرجەکانی ئەو ئاژەڵەی سەر دەبڕریت:
- دەیەم : مانەوەی شەو لە مینا :
- ئەمەی کە دەیخەینە ڕوو هەندێک لەو هەڵە وکەموکورتیانەن کە حاجیان ئەنجامی دەدەن، پێویستە برایان وخوشکان ئاگاداری بن ودوور بکەونەوە لێی:

## ئەحکامەکانی حەج وعومرەکردن

أحكام الحج والعمرة

### پوختەیەك:

خوێنەری بەڕێز: ئەم کتێبەی بەردەستت لە بنەڕەتدا بەشێکە لە پەرتوکی پوختەی بنەماکانی ئیمان و ئیسلام، وە ئەم باسانەی لەخۆ گرتووە:

١- حەج و حوکمەکانی.

٢-حەجکردن هەنگاو بە هەنگاو.

٣- عومرەکردن وحوکمەکانی.

ئێمەیش لەبەر زۆر گرنگی و پڕ سوودی بابەتەکە بە پێویستمان زانی کەوا وەریبگێڕینە سەر زمانی کوردی شیرین.

الْحَمْدُ للَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ، وَصَلَّى اللهُ وَسَلَّمَ عَلَى عَبْدِهِ وَرَسُوْلِهِ نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَأَصْحَابِهِ أَجْمَعِيْنَ. أَمَّا بَعْدُ:

## پێناسەی حەج:

جەح لە زمانەوانییدا: بە مانای مەبەست دێت.

لە زاراوەی شەرعناسەکانیشدا: بە واتای: مەبەستی حەج کردن و ڕۆشتن بۆ ماڵەکەی خودایە لەکاتێکی دیاریکراودا، بە نیەتی بەجێهێنانی مەناسیەکەکانی تەواف و هاتوچۆی نێوان صەفا و مەروە، و وەستان لە عەرەفە، و ئەرکانی و واجبەکانی تری([1]).

بنەمای مەشروعیەتی حەج:

کۆمەڵە دەقێک لە قورئان وسوننەت بەڵگەن لەسەر فەرزیەتی حەج، هەروەها ئومەتی ئیسلامیش کۆدەنگن لەسەر فەرز بوونی حەج لەسەر موسڵمانان.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی:ﮋ وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلۡبَيۡتِ مَنِ ٱسۡتَطَاعَ إِلَيۡهِ سَبِيلٗاۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ ٱلۡعَٰلَمِينَﮊ([2]) واتا: خوای گەورە بڕیاریداوە و

فەرزی کردووە لەسەر ئەو خەڵکانەی
کە توانای (دارایی وتەندروستیان) هەیە حەج
وسەردانی (بیت الحرام) بکەن، هەرکەسێکیش
باوەڕی بەو حەجە نەبێ، ئەوە باچاک بزانێ کە
کافرو بێ باوەڕە، بەراستیی خوایش لەتەواوی
خەڵکانی جیهان، نەک تەنها هەر لەوان، بێ
نیازە .

بەڵگەش لە سوننەت ئەم فەرموودەیەیە: حديث
عبد الله بن عمر t قال: قال رسول الله e : { بني
الإسلام على خمس} وذكر منها الحج([3])
واتا: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوا لەخۆی و
باوکی ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە ودەڵێت:
پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم
فەرموویەتی: ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەسەر پێنج
بنەما دامەزراوە و وەستاوە، لە نێوان ئەو
بنەمانەدا باسی حەجی کرد . هەروەها ئەم
فەرموودەیەش: عن أبي هريرة t قال : خطبنا
رسول الله e فقال: { أيها الناس قد فرض الله

عليكم الحج فحجوا } ، فقال رجل: أكل عام يا رسول الله؟ فسكت رسول الله e حتى قالها ثلاثا، فقال رسول الله e: {لو قلت نعم لوجبت ولما استطعتم} ([4]) واتا: ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ووتاری بۆ دەداین، وفەرمووی: ئەی خەڵکینە خوای گەورە حەجی لەسەر فەرز کردون، بۆیە حەجی ماڵی خوای گەورە بکەن، پیاوێک ووتی: ئایا هەموو ساڵێک ئەی پێغەمبەری خوا؟ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلمεبێدەنگ بوو، تا ئەو کاتەی کابرا سێجار ئەو پرسیارەی کردەوە، ئەمجا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: ئەگەر بهاتایە بموتایە بەڵێ هەموو ساڵێک، ئەوا لەسەرتان فەرز دەبوو، ئێوەیش نەتاندەتوانی.

لەم بارەیەشەوە بەڵگە گەلێکی زۆر هەن لە قورئان وسوننەتدا بۆیە تەنها هێندە بەسە.

زانایانیش لەزۆر جێگادا باسی کۆدەنگی ئوممەتی ئیسلامیان کردووە لەسەر فەرزیەتی حەج، یەکێک لەو زانایانەی کە کۆدەنگی باس کردووە، ئیمامی کاسانی حەنەفی([5])، وابن قودامەی مەقدیسی حەنبەلیەکانە([6]).

## فەزڵەکانی حەج:

حەجی ماڵی خوای گەورە کۆمەڵێک فەزڵی گەورە ومەزنی هەیە، کە دەقەکانی قورئان وسوننەت ڕوونیان کردونەتەوە، ئێمە تەنها لیرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین، لەوانەیش:

١) حەجی ماڵی خوای گەورە، دەبێتە هۆی سڕینەوەی هەرچی تاوان وگوناهی پێشووترە لە شیرک وبێباوەڕی وتەواوی گوناهەکانی تر، ئەگەر بەندە بەڕاست و دروستی تەوبەی کردبێت لەهەموو ئەو تاوان وگوناهانە، ئەویش بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە: عن عمرو بن العاص t قال: .. فَلَمَّا جَعَلَ اللَّهُ الإِسْلاَمَ فِى قَلْبِى

أَتَيْتُ النَّبِىَّ e فَقُلْتُ ابْسُطْ يَمِينَكَ فَلأُبَايِعْكَ، فَبَسَطَ يَمِينَهُ - قَالَ - فَقَبَضْتُ يَدِى، قَالَ « مَا لَكَ يَا عَمْرُو ». قَالَ قُلْتُ أَرَدْتُ أَنْ أَشْتَرِطَ. قَالَ:« تَشْتَرِطُ بِمَاذَا » قُلْتُ أَنْ يُغْفَرَ لِى، قَالَ « أَمَا عَلِمْتَ أَنَّ الإِسْلاَمَ يَهْدِمُ مَا كَانَ قَبْلَهُ وَأَنَّ الْهِجْرَةَ تَهْدِمُ مَا كَانَ قَبْلَهَا وَأَنَّ الْحَجَّ يَهْدِمُ مَا كَانَ قَبْلَهُ ؟ »([7]) واتا: عەمری کوڕی عاص (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: کاتێک خوای گەور نووری ئیسلامی خستە ناو دڵمەوە، هاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا، ووتم: دەست ڕاستم بدەری با بەیعەتت پێ بدەم، پێغەمبەریشεصلى الله عليه وسلم دەستی ڕاستی هێنا، عەمر دەڵێت: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلمεدەستی گرتم و فەرمووی: چیت دەوێت ئەی عەمر ؟ ئەڵێت منیش ووتم: ئەمەوێت مەرجێک دابنێم، پێغەمبەرεصلى الله عليه وسلم فەرمووی: چی مەرجێک؟ ئەڵێت ووتم: خوای گەورە لەگوناهەکانم خۆش بێت، ئەمجا پێغەمبەر صلى

الله عليه وسلم فەرمووی: ئایا نازانیت کە هەر کەسێک هاتە ناو ئیسلامەوە ئیتر هەرچی تاوان و گوناهی هەیە دەسڕێتەوە، وە کۆچکردن لە پێناو خوای گەورەدا دەبێتە هۆی سڕینەوەی هەرچ گوناهی پێشووترە، هەورەها حەجی ماڵی خوای گەورە کردنیش دەبێتە هۆی سڕینەوەی هەرچی گوناهو تاوانێکە پێش خۆی.

٢) ئەو کەسەی حەج دەکات، بەو شێوەیە دەگەڕێتەوە، وەک منداڵێکی تازە لەدایک بووی لێ دێت، کەهیچ گوناهو تاوانێکی نییە، بەڵگەش بۆ ئەمە: عن أبي هريرة t قال: قال رسول الله e: {من حج هذا البيت فلم يرفث ولم يفسق رجع كيوم ولدته أمه} ([8]) واتا: ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: هەرکەسێک حەجی ماڵی خوای گەورە بکات وقسەی خراپ وکاروکردەوەی نا بەجێی لێ

نەوەشێتەوە، وەک ئەو منداڵەی لێ دێت کە تازە لەدایک بووە.

٣) حەج جۆرێکە لە جۆرەکانی جیهاد وتیکۆشان لە پێناوی خوای گەورەدا، بگرە باشترین جۆری جیهادیشە، ئەویش بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە: عن عائشة (رضي الله عنها) قالت: قلت: يا رسول الله! نرى الجهاد أفضل الأعمال؛ أفلا نجاهد؟ قال: {لا، ولكن أفضل الجهاد حج مبرور} ([9]) واتا: عائیشەی دایکی بڕواداران (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ε من وادەزانم کە جیهاد و تیکۆشان باشترین کاروکردەوەی چاکەیە، ئایا ئێمەیش جهاد نەکەین؟ فەرمووی: نەخێر، بەڵکو باشترین جهاد وتێکۆشان حەجێکی پاکوخاوێنە کە خوای گەورە لێتی گیرا بکات.

٤) بەدەستهێنانی گەورەترین سەرکەوتن وسەرفرازی، ئەویش بەهەشتی نەبڕاوەی هەتا هەتاییە، لەم بارەیەشەوە ئەم فەرموودەیە هاتووە، عن أبي هريرة t قال: قال رسول الله e { ..... والحج المبرور ليس له جزاء إلا الجنة } ([10]) واتا: ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە و دەڵێت: پێغەمبەری خواεصلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: حەجێکی پاکوخاوێن کە لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە بێت هیچ پاداشتێکی نییە بەهەشتی نەبڕاوە نەبێت.

## ئامانجەکانی حەج:

حەج چەند ئامانجێکی گەورە ومەزنی هەیە، کە خوای گەورە لەبەر ئەو ئامانجانە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا دایناوە، ئێمەش ئەگەر بمانەوێت لێرەدا هەموو ئەو ئامانجانە بژمێرین

ناتوانین، بۆیە تەنها ئاماژە بەچەند دانەیەکیان دەکەین، لەوانەیش:

١) حەج کردن بەجێهێنانی فەرمانی خوای گەورەیە، وبەدەمەوە چوونی ئەو بانگەوازەیە کە خوای گەورە داویەتی بە گوێی باوەڕداراندا، ئەمەش خۆی لە ملکەچیەکی تەواو لەبەرامبەر گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەکانی خوای گەورەدا دەبینێتەوە.

٢) حەج پەیوەندیەکی بەهێزی هەیە بە گیانی سروش و وەحیەوە، چونکە حەرەمی پیرۆزی مەککە جێگای هاتنە خوارەوەی وەحی بووە بۆ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم، چەندێک موسڵمانان پەیوەست بن بەم خاکە پیرۆزەوە هێندەش پابەند دەبن بە جیلی یەکەمی ئیسلامەوە، ئەو جیلەی کە لە پێناو خوای گەورەدا جیهادیان کرد وتێکۆشان تاوەکو ئاینە پیرۆزەکەی ئیسلام بەسەر زەوی بگەیەنن.

٣) حەج ڕاگەیاندنی یەکسانییەکی تەواوە لە نێوان خەڵکیدا، ئەویش بەوەی کاتێک دەبینیت کە هەموو حاجیان لە ڕۆژی عەرەفەدا بە یەک جۆر جل وبەرگەوە هەر هەموویان لەیەک شوێندا بەبێ جیاوازی ڕەنگ وڕەگەز وزمان وەستاون، ودەستیان بەرز کردوەتەوە ولەخوای گەورە دەپاڕێنەوە کە لە گوناهەکانیان خۆش بێت.

٤) حەج گیانی یەکترناسین وهاوکاری وڕاوێژ وڕاگۆڕینەوە لە نێوان موسڵماناندا بەهێز دەکات، ئەویش لە پێناو هەستانەوەی ئوممەتی ئیسلام وبەرزکردنەوەی پلە وپایەی پێشەوایەتی لە نێوان گەلاندا.

## مەرجەکانی حەج:

مەرجەکانی واجب بوونی حەج پێنجە:

١) ئیسلام، حەج لە بێباوەڕ وەرناگیرێت.

٢) عەقڵ و ژیری، حەجی شێت دروست نییە، چونکە عەقڵ مەرجی ئەو تەکالیفانەیە کە خوای گەورە واجبی کردووە لەسەر مرۆڤەکان، لەبەر ئەوە شێت داوای بەجێهێنانی هیچ فەرز وواجبێکی لێ ناکرێت، بۆیە حەجیشی لەسەر واجب نییە.

٣) باڵغ بوون، مناڵ پێش ئەوەی باڵغ بێت داوای بەجێهێنانی حەجی لێ ناکرێت، جا ئەگەر مناڵ حەجی کرد حەجەکەی صەحیح ودروستە، بەڵام جێگای حەجی ئیسلامی بۆ ناگرێتەوە ئەگەر باڵغ بـــوو.

٤) ئازاد بێت، کەسێک بەندە وکۆیلە بێت حەجی لەسەر واجب نییە، ئەگەر هاتوو لە کاتی کۆیلایەتیەکەیدا حەجی کرد حەجەکەی صەحیح ودروستە، بەڵام ئەگەر دواتر ئازاد بوو لای زۆرێک لە زانایان دەبێت حەجی ئیسلامی بکاتەوە، لای هەندێکی تریان پێویست ناکات

وحەجی واجبی لەسەر کەوتووە، ئەمەش ڕایەکی لاوازە چونکە کۆدەنگی زانایان هەیە لەسەر پێچەوانەکەی وەک (إبن المنذر) باسی کردووە.

٥) توانا بوون، ئەمە مەرجی واجب بوونی حەجە، وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلۡبَيۡتِ مَنِ ٱسۡتَطَاعَ إِلَيۡهِ سَبِيلٗاۚ ﴾ ([11]) واتا: خوای گەورە حەجی ماڵەکەی خۆی واجب کردووە لەسەر ئەو کەسانەی توانایان هەیە.

مەبەست لە تواناش دوو جۆرە توانایە: جۆرێکیان پیاو وژن تێیدا هاوبەشن، جۆرێکی تریان تایبەتە بە ژنانەوە.

## بەشی یەکەم: ئەو جۆرەی کە پیاو وژن تێیدا هاوبەشن، ئەمەش چوار لایەن دەگرێتەوە:

١) دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت بە سواری یەکێک لە هۆیەکانی گواستنەوە بگاتە حەج، جا لە کۆندا ووشتر وئەسپ وگوێدرێژ بووە، ئێستاش ئۆتۆمبیل وفڕۆکە و هەندێک شتی ترە، هەروەها توانای کڕین یان ئامادەکردنی خوارد وخواردنەوەی ئەو ماوەیەی هەبێت کە دەچێت ودەگەڕێتەوە بۆماڵی خۆی.

٢) تەندورست بوونی لاشە وجەستە.

٣) ئاسایشی ڕێگا و بان.

٤) بتوانێت ڕێگا بکات.

بەشی دووەم: ئەو جۆرە توانایەی کە تایبەتە بە ژنانەوە، وەک ئاماژەمان پێدا کۆمەڵێک مەرج هەیە لە ئیسلامدا بەمەرج گیراوە بۆ توانا بوونی پیاوان و ژنان بۆ بەجێهێنانی حەج، لەگەڵ ئەوەدا ژنان دوو مەرجی تریان هەیە تاوەکو مەرجی توانا بوونیان تێدا بێتەدی، ئەوانیش:

١) مەرجی مەحرەم لەگەڵ بوونی.

٢) ئەو ژنەی کە حەج دەکات نابێت لە عیدەی وەفاتی پیاوەکەیدا بێت.

## ئەرکانەکانی حەج:

١) ئیحرام.

٢) وەستان لە عەرەفە.

٣) تەوافی ئیفاضە.

٤) هاتوچۆی نێوان صەفا ومەروە.

هەرکەسێک یەکێک لەم ڕوکنانە واز لێ بهێنێت ونەیانکات، ئەوە حەجەکەی دروست وصەحیح نییە.

## واجبەکانی حەج:

١) نیەتی ئیحرام هێنان بە میقات.

٢) وەستان بەشەو لە عەرەفە بۆ ئەو کسانەی
کە ڕۆژ هاتوون بۆی.

٣) مانەوە تاوەکو نیوەی شەو لە موزدەلیفە
شەوی قوربانی کردن، ئەگەر پێش ئەو کاتە
گەشت بووە ئەوێ.

٤) مانەوە بەشەو لە مینا لە ڕۆژانی (أيام
التشريق) ([12]).

٥) لێدانی بەرد لە هەر سێ جەمەرەکە یەک بە
دوای یەکدا.

٦) تاشین یان کوورت کردنەوەی مووی سەر.

٧) تەوافی ویداع ومالْ ئاوایی کردن، بۆ ئەو
ژنانە نەبێت کە لە سوڕی مانگانەدا یان منالْیان
بووە([13]).

٨) هەدی ئەو حاجیەی کە حەجەکەی بە
(تەمەتوع) یان (قیران) نیەت هێناوە.

هەركەسێك بە دەست ئەنقەست یەكێك لەم واجبانە نەكات وتەركیان بكات ئەوە سەرە ڕای ئەوەی گوناهبار دەبێت، ئەبێت بە سەر بڕینی ئاژەڵێك قەرەبوویان بكاتەوە، وە تەوبەی لی بكات وداوی لێخۆش بوونیش لەخوای گەورە بكات، بەڵام ئەوەی بە نەزانین یان بە لەبیرچوون تەركی كردن وئەنجامی نەدان ئەوە بە ئاژەڵ سەر بڕینێك قەرەبوو دەكرێتەوە.

## گرنگترین سوننەتەكانی حەج:

١) خۆشۆردن وخۆ بۆن خۆشكردن و لەخۆ پێچانی دوو پارچە قوماشی سپی.

٢) تەوافی هاتن (طواف القدوم) بۆ ئەو كەسەی كە نیەتی حەجی بە بێ عومرە، یان بە (قیران) هێناوە.

٣) هەڵوەڕە كردن لە سێ شەوتی یەكەمی تەوافی قدومدا، مەبەست لە هەڵوەڕەكردن خێرا

ڕۆشتن ونزیک کردنەوەی هەنگـــاوەکانە لەیەکتری.

٤) (الاضطباع) واتا: ناوەڕاستی پارچە ئیحرامی ڕیداء لەژێر بن باڵی ڕاستەوە بهێنیتەوە وبیدەی بەسەر شانی چەپتدا.

٥) مـانەوە لە مینا شەوی عەرەفە، کە ڕۆژەکەی بە (یوم الترویە) ناسراوە.

٦) دەست کردن بە ووتنەوەی ذیکری (لبیك اللهم لبیك لبیك لاشریك لك لبیك إن الحمد والنعمة لك والملك، لاشریك لك) لەکاتی نیەتی هێنانی ئیحرامــەوە هەتاوەکو بەرد گرتنە جەمەری (العقبە) لە یـەکەم ڕۆژی جەژن.

٧) کۆکردنەوەی نوێژی مـەغریب وعیشا بە دواخستن لە موزدەلیفە.

٨) وەستان لە موزدەلیفە لە (المشعر الاحرام) لە بانگی بەیانیەوە تاوەکو دونیا ڕوناک دەبێتەوە، ئەگەر توانرا.

هەرکەسێک یەکێک لەم سوننەتانەی لەبیر چوون یان نەیکردن ئەگەر بەدەست ئەنقەستیش بێت هیچ شتێکی لەسەر واجب نابێت، بەڵام باشتر وایە مرۆڤ لەم سوننەتانەدا شوێن پێی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلمﷺ هەڵبگرێت و ئەو چۆنی کردووە ئەمیش وا بکات.

## کات وجێگاکانی نیەتی ئیحرام هێنان بەحەج:

ئەو کات وجێگایانەی کە ئیحرامیان لێ دەبەسترێت ونیەتیان لێ دەهێنرێت بۆ حەج وعومرە دوو جۆرن:

ئەوکاتانەی کە ئیحرامیان بە حەج لێ دەبەسترێت تایبەتە بە حەج جگە لە عومرە،

ئەویش بریتیە لە مانگی شەوال و ذی القعدە و دە ڕۆژی یەکەمی مانگی ذی الحجە، وەک خوای گەورە فەرموویەتی: ﮋ ﭑ ﭒ ﭓ ﭔ ﭕ ﭖ ﭗ ﭘ ﭙ ﭚ ﭛ ﭜ ﭝ ﭞ ﭟ ﭠ ﭡ ﮊ ([14]) واتا: حەج لە چەند مانگێکی دیاریکراودایە و (خۆی بۆ ئامادە دەکرێت ونیەتی لێدەهێنرێت) جا ئەوەی کە لەو مانگانەدا دەستبەکار بوو و بڕیاریدا حەج بکات، ئەوە دەبێت نزیکی هاوسەری نەکەوێت وقسەی نابەجێ و گوناهو موجادەلە وگوفتاری نادروست ئەنجام نەدات لە کاتی حەجکردندا .

بەڵام عومرە کردن کاتێکی دیاری کراوی نییە، لە هەر مانگێک لە مانگەکانی ساڵدا وویستت دەتوانیت عومرە بکەیت.

## جێگاکانی نیەتی ئیحرام هێنان:

ئەو جێگایانەی نیەتی ئیحرامیان لێ دەهێنرێت، حەج وعومرەیش دەگرێتەوە:

مەبەستیش لێی ئەو سنورانەیە کە دروست نییە حاجی یان عومرەکار لێیانەوە تێپەڕ بکات بە بێ نیەتی ئیحرام هێنان، ئەو جێگایانەیش بریتین لە:

١) (ذو الحليفه) جێگای نیەتی ئیحرام هێنانی خەڵکی مەدینەیە.

٢) (الجحفه) جێگای نیەتی ئیحرام هێنانی خەڵکی شام و میصر و مەغریبە.

٣) (قرن المنازل) جێگای نیەتی ئیحرام هێنانی خەڵکی نەجدە، کە ئێستا بە (السيل الكبير) ناو دەبرێت.

٤) (يلملم) جێگای نیەتی ئیحرام هێنانی خەڵکی یەمەنە.

٥) (ذات عرق) جێگــــاى نیەتى ئیحرام هێنانى خەڵكى عێراق و ڕۆژهەڵاتە.

هەندێک بابەتى گرنگ سەبــارەت بەو جێگایانەى ئیحرامیان لێ دەبەسترێت:

بابەتى یەكەم: ئەو جێگایانەى كە باسمان كردن، جێگاى نیەتى ئیحرام هێنانى خەڵكى ئەو شوێنانەن كە ئاماژەمان پێدان، وە جێگاى نیەتى ئیحرام هێنانیشن بۆ هـەر كـەسێک لـەو جێگایانەوە بە نیەتى حەج یان عومرە تێپەڕ دەكات.

بابەتى دووەم: هەر كەسێک ماڵى لەخوار ئەو جێگایانە بێت كە ئاماژەمان پێدان، ئەوە هەر لەماڵەكەى خۆیەوە نیەتى ئیحرام دەهێنێت بۆ حەج یان عومرە، وە هەر كەسێكى خەڵكى مەككەیش وویستى حەج بكات ئەوە هەر لەماڵەكەى خۆیەوە نیەت دەهێنێت وئیحرام دەبەستێت، هیچ پێویست بەوە ناكات بۆ حەج

کردن بچێت بۆ جێگاکانی ئیحرام بەستن، بەڵام بۆ عومرە کردن دەبێت بچێت بۆ (التنعیم) یان بۆ نزیکترین جێگایەک کە لە سنوری حەرەم دەربچێت.

بابەتی سێهەم: هەر کەسێک بە فڕۆکە سەفەری کرد بۆ حەج، ئەوە دەبێت لە ئاسمانەوە لەو کاتەی کە بەسەر یەکێک لەو جێگایانەدا تێیپەڕ دەکات نیەتی ئیحرام بهێنێت وئیحرامەکەی ببەستێت، دروست نییە ئیحرامەکەی دوابخات ولەفڕۆکەخانەی جدە نیەت بهێنێت وئیحرامەکەی ببەستێت، هەروەک چۆن هەندێک خەڵک وا دەکەن، چونکە جدە جێگای نیەتی ئیحرام بەستنی هیچ وولاتێک نییە جگە لە خەڵکی جدە خۆی نەبێت، بۆیە هەر کەسێک نیەتی ئیحرام هێنانی دواخست و لە جدە ئیحرامەکەی بەست ئەوە یەکێک لە واجبەکانی واز لێهێناوە، ودەبێت ئاژەڵێک سەر ببڕێت و

دابەشی بکات بەسەر هەژارانی شاری مەککەدا.

بابەتی چوارەم: هەرکەسێک لەو جێگایانەی کە باسمانکردن تێپەڕی کرد ونیەتی ئیحرامی نەهێنا، ئەوە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو جێگایانەوە نیەتی ئیحرام بهێنێت، خۆ ئەگەر هاتوو نەگەڕایەوە بۆیان دەبێت فدیەیەک بدات.

## مەناسیەکەکانی حەج:

یەکەم : ئیحرام .

ئیحرام یەکەم ڕوکنە لە ئەرکانەکانی حەج، مەبەستیش پێی نیەت هێنانە بەچوونە ناو مەناسیکەکانی حەج، وە پێی دەوترێت ئیحرام چونکە مرۆڤی موسڵمان بەو نیەتەی هەموو ئەو شتانەی کە پێش چوونە ناو ئیحرام حەڵاڵ بوون بۆی لەسەری قەدەغە دەکرێت، وەک ژنهێنان وبەشوودان، و بۆنی خۆش لەخۆدان، ونینۆک

کردن، و موو لەخۆ کردنەوە لە هەر بەشێکی جەستە بێت، یان لەبەرکردنی جلوبەرگی دوراو و هەندێکی شتی تر کە پێش ئیحرام حەڵاڵ وڕێگا پێدراوە، بەڵام لەگەڵ چوونە ناو ئیحرام لەسەر حاجی قەدەغە دەکرێن.

## جۆرەکانی نیەتی ئیحرام هێنان:

جۆرەکانی ئیحرام سێ جۆرە:

یەکەم: التمتع: مەبەست پێی ئەوەیە لە مانگەکانی حەجدا نیەتی عومرە کردن بهێنیت، وپاشتر نەگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت، دوای ئەوەی لە عومرە کردن بوویتەوە و تەحەلولت کرد، هەر لەو ساڵەدا وڕۆژێک پێش چوون بۆ عەرەفە نیەتی حەج بهێنیت، نیەت هێنانەکەشی بەم شێوەیە دەبێت، بڵێ: (لبيك عمرة متمتعا بها إلى الحج) واتا: ئەی خوایە نیەتم هەیە و هاتووم بەدەم بانگەوازەکەی تۆوە و عومرە دەکەم، لەدواییدا تەحەلول دەکەم و پاشان نیەتم هەیە

حەجیش بکەم، یان دەتوانێت سەرەتا تەنها نیەتی عومرە بهێنێت وبڵێ: (لبيك عمرة)، دواتر ڕۆژێک پێش عەرەفە لەجێگاکەی خۆیەوە ئیحرامەکانی لەخۆی بئاڵێنێت و نیەتی حەج بهێنێت و بڵێ: (لبيك حجا).

دووەم: القِران: مەبەست پێی ئەوەیە حەج وعومرە پێکەوە کۆ بکرێتەوە، واتا: هەر لەسەرەتاوە بەیەک نیەت وبەیەک سەفەر نیەتی بەجێهێنانی هەردووکیان بهێنێت و بڵێ: (لبيك عمرة و حجا) واتا: ئەی خوایە هاتووم بەدەنگ بانگەوازەکەی تۆوە و نیەتم هەیە عومرە و حەج پێکەوە دەکەم.

سێهەم: الافراد: مەبەست پێی ئەوەیە کە حاجی تەنها نیەتی بەجێهێنانی حەج بهێنێتو بڵێ: (لبيك حجا) واتا: ئەی خوایە هاتووم بەدەنگ بانگەوازەکەی تۆوە ونیەتم هەیە حەج دەکەم.

تێبینی: پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە نیەتی حەجی (تمتع و قران) دەهێنێت شەکێک سەر ببڕێت، یان حەوت لەسەریەکی مانگایەک، یان حەوت لەسەریەکی ووشترێک، واتا: مانگایەک یان ووشترێک دەکرێت بۆ حەوت حاجی سەر ببڕێت، بەڵام ئەو کەسەی حەجی (ئیفراد) دەکات هەدی لەسەر واجب نییە، واتا: واجب نییە لەسەری ئاژەڵ سەر ببڕێت، خۆ ئەگەر کردی ئەوە کارێکی باشی ئەنجامداوە.

واجبەکانی ئیحرام:

## ئیحرام دوو واجبی هەیە:

یەکەم: نیەت هێنان لە میقات، واتا: لەو جێگایانەی کە باسمانکردن، چونکە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم خۆی وایکردووەو وفەرمانیشی کردووە بە موسڵمانان وابکەن.

دووەم: لەبەر نەکردنی هەموو جلوبەرگێکی دوراو بۆ پیاوان، مەبەست لەجلوبەرگی دوراویش وەک شەروالْ وفانیلە وکراس وشۆرت وهتد... مەبەست لەوە نییە کە تەقەڵی پێوە نەبێت، چونکە ئەگەر ئیحرامێک لە ئیحرامەکان دڕابوون مرۆڤ دەتوانێت بیاندورێتەوە.

ئەگەر هاتوو کەسێک یەکێک لە قەدەغەکراوەکانی ناو ئیحرامی ئەنجامدا، ئەوە دەبێت فدیەیەک بدات، ئەویش بە ئارەزووی خۆی یەکێک لەم سێ شتە ئەنجام دەدات، یان سێ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبێت، یان خواردنی شەش هەژاری مەککە دەدات، یان شەکێک سەر دەبڕێت ودابەشی دەکات بەسەر هەژارانی شاری مەککەدا، ئەویش بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو کارە یاساغەیە کە ئەنجامی داوە.

## سوننەتەکانی ئیحرام:

١) خۆشۆردن، هەرکەسێک دەیەوێت نیەتی ئیحرامی بهێنێت سوننەتە خۆی بشوات، تەنانەت سوننەت بۆ ئەو ئافرەتانەشی کە لە سوڕی مانگانەدان، یان تازە مندالْیشیان بووە.

٢) سوننەتە نینۆنەکانت بکەیت، ومووی بنبالْت هەلْبکەنیت، وسمیلْت کورت بکەیتەوە و مووی بەر ئەگەر هاتبوو بتاشرێت.

٣) بۆنی خۆش لەخۆدان پێش نیەت هێنانی ئیحرام و لەخۆ ئالاْندنی دوو پارچەکەی ئیحرام.

٤) سوننەتە ئەو دوو پارچە قوماشەی لەخۆتی دەئالاْنیت دوو پارچە قوماشی سپی خاوێن بن.

٥) دەست کردن بە تەلبیە کردن، واتا ووتنەوەی ذیکری (لبيك اللهم لبيك لبيك لاشريك لك لبيك إن الحمد والنعمة لك والملك، لاشريك لك) پاش ئەوەی نیەتی ئیحرامت هێنا تاوەکو دەست دەکەیت بە تەواف کردن، بەلاْم پیاوان دەبێت

ڕەچاوی هێمنی ناو خەڵک بکەن هێندە دەنگ بەرز نەکەنەوە ببن بە مایەی ئێزعاجکردنی خەڵکانی تر، ژنانیش دەبێت تەنها هێندە دەنگ بەرز بکەنەوە کە خۆیان گوێیان لە دەنگی خۆیان بێت.

قەدەغەکراوەکانی ناو ئحیرام:

## یەکەم: ئەو شتانەی بۆ پیاوان و ژنانیش قەدەغەن لەکاتی ئیحرامدا:

١) لابردنی مووی سەر ومووی تەواوی لاشەیان، جا بە تاشیین بێت، یان بە هەڵکەندن بێت.

٢) نینۆک کردنی دەست و قاچەکان.

٣) بەکارهێنانی بۆنی خۆش پاش نیەت هێنانی ئیحرام، جا بەکارهێنانی بۆ قوماشی ئیحرامەکان بێت، یان دانی ئەو بۆنە بێت لەلاشەت.

٤) چوونە لای خێزان و جیماع کردن لەگەڵی، یان هەر شتێکیش سەر بۆ جیماع کردن بکێشێت وەک دەست بۆ بردن و ماچ کردن و سەیر کردنی بە شەهوەتەوە، هەروەها ژنهێنان و بەشوودان قەدەغەیە لەناو ئیحرامدا.

٥) لەدەست کردنی دەستکێش.

٦) ڕاوکردن، مەبەست پێی کوشتنی ئاژەڵی کێویە.

## دووەم: ئەو شتانەی کە تەنها لەسەر پیاوان قەدەغەن:

١) لەبەرکردنی جلوبەرگی دوراو، مەبەست لە دوراو جلوبەرگێکە بدورێت بۆ ئەندامەکانی لاشەی مرۆڤ، وەک شەرواڵ وکراس وفانیلە وشۆرت و هاوشێوەکانیان.

٢) داپۆشینی سەر بەشتێکی کە بنووسێت بەسەرەوە، وەک لەسەر کردنی عەمامە ومێزەرە، وشماغ، وکڵاو، وهاوشێوەکانیان.

سێیەم: ئەو شتانەی تەنها بۆ ئافرەتان قەدەغەن:

پەچە کردن (نقاب) مەبەست لە نقاب ئەو پارچە قوماشەیە کە دوو کونی تێدا بۆ چاوەکان وژنان بەکاری دەهێنن بۆ داپۆشینی ڕوومەتیان، لەبەر ئەوە ئافرەتێک کە لە ئیحرامدا بوو نابێت بەم نیقابە ڕوومەتی داپپۆشێت، خۆ ئەگەر لەبەر کەسانی ناموحەرەم وویستی دەم وچاوی داپۆشێت دەتوانێت بە سەر پۆشێک ڕوومەتی خۆی داپۆشێت([15]).

## دووەم: تەلبیە کردن .

مەبەست لە تەلبیە کردن ئەوەیە حاجی یان عومرەکار بڵێت: (لبيك اللهم لبيك، لبيك لا

شريك لك لبيك، إن الحمد والنعمة لك والملك، لا شريك لك).

حوكمی تەلبیە کردن: سوننەت لە پاش نیەت هێنان دەست بکرێت بە ووتنەوەی ئەم ذیکرە تا ئەو کاتەی حاجی یان عومەرکار دەست دەکات بە تەواف کردن.

سێیهەم: تەوافکردن .

مەبەست لە تەوافکردن ئەوەیە (حجر الاسود) بەردە ڕەشەکە بخەیتە لای چەپتەوە وحەوت جار بسوڕێیتەوە بەچوار دەوری کەعبەدا بە نیەتی پەرستنی خوای گەورە، سەرەتاش لە ڕوکنی (حجر الاسود) بەردە ڕەشەکەوە دەست پێ دەکات، و کۆتاجاریش هەر لەوێ کۆتایی پێ دێت.

## حوکمی تەوافکردن:

تەوافکردن وسوڕانەوە بە چوار دەوری کەعبەدا بە پێی جۆرکانی حوکمەکانشی جیاوازە:

یەک: تەوافی قدوم وکاتی گەیشتە مەککە، هەر کەسێک هاتە شاری مەککە ونیەتی بە حەجی ئیفراد یان بە حەجی قیران هێنابوو، تەوافی قدوم بۆی سوننەتە، و فەرز نییە.

دوو: تەوافی ئیفاضە، ڕوکنێکە لە ئیرکانەکانی حەج، بەشێوەیەک حەج بەبێ ئەم تەوافە دروست نییە.

سێ: تەوافی عومرە، ڕوکنێکە لە ئەرکانەکانی عومرە کردن، ئەگەر نەکرا عومرەکە دروست نابێت.

چوار: تەوافی ویداع وماڵئاوایی کردن، یەکێکە لە واجبەکانی حەج وئەگەر هاتوو نەکرا دەبێت بە سەربڕینی شەکێک قەرەبوو بکرێتەوە.

## مەرجەکانی تەوافکردن:

١) نیەت هێنان لەسەرەتای دەستکردن بە تەواف.

٢) بۆ تەوافی ئیفاضە مەرجە کاتەکەی هاتبێت، کاتەکەشی لەسەر ڕای سەحیح لەپاش نیوەی شەوی ڕۆژی قوربانەوەیە، کۆتاییەکەشی لای جمهوری زانایان ئەوەیە تەوافی ئیفاضە کاتی کۆتایی نییە، لەبەر ئەوە ئەگەر هاتوو ماوەیەکی درێژیش دواخرا بەڵام پاشان تەوافی کرد، تەوافەکەی دروستە وحەجەی تەواوە.

٣) پاکی لە بێ دەست نوێژی ولەشگرانی، واتا: ئەو کەسەی تەواف دەکات دەبێت لەشی گران نەبێت ودەست نوێژیشی هەبێت.

٤) داپۆشینی عەورەت.

٥) تەواف کردن دەبێت لەناوەوەی مزگەوتی حەرام بێت.

٦) تەواف دەبێت بە چوار دەوری کەعبەدا بێت، بۆیە دروست نییە حاجی یان عومرەکار لە ناوەوەی حجری ئیسماعیل تەواف بکات، ئەگەر وای کرد، تەوافەکەی دروست نییە، دەبێت بیکاتەوە.

٧) دەبێت کەعبە بخاتە لای چەپەوە وئەمجا تەوافەکەی بکات، چونکە ئەگەر هاتوو خستیە لای دەستی ڕاستیەوە و بە پێچەوانەوە سوڕایەوە، تەوافەکەی دروست نییە.

٨) دەبێت لە (حجر الاسود) ــەوە دەست پێ بکات و هەر لە (حجر الاسود) یشەوە کۆتایی پێ بهێنێت، خۆ ئەگەر هاتوو لە غەیری (حجر الاسود) ــەوە دەستی پێکرد ئەوا ئەو شەوتەی بۆ ناژمێررێت تا دەگاتەوە لای (حجر الاسود) ئەمجا لەوێوە بۆ دێتە ژماردن.

٩) دەبێت ژمارەی ئەوشەوتانەی کە بە چوار دەوری کەعبەدا دەسورێتەوە حەوت شەوت بێت.

١٠) دەبێت ئەو شەوتانە تەواف یەک لەدوای یەک بن، مەگەر لەبەر هاتنی کاتی نوێژ، یان لەبەر ماندوو بوون نەبێت، لەم کاتەدا دروستە نوێژەکەت بکەیت وئەمجا شەوتەکانی تر تەواو بکەیت، یان ئەگەر ماندوو بوویت، دروستە پشویەکی بۆ بدەیت وپاشان تەواوی بکەیت.

## سوننەتەکانی تەوافـکردن:

١) (الرمل) هەڵوڕەکردن، مەبەستیش لە هەڵوڕە کردن ئەوەیە کە لە سێ شەوتی یەکەمی تەوافی (قدوم)دا هەنگاوەکانت لەیەکتری نزیک بکەیتەوە وکەمێک بەخێرای بڕۆیت، ئەمەش تەنها بۆ پیاوان سوننەتە، وژنان نابێت بەم شێوەیە بکەن.

٢) (الاضطباع) واتا: ئەو پارچە ئیحرامەی کە بە (الرداء) ناسراوە چمکێکی لەبن باڵی ڕاستەوە بهێنیتەوە بیدەیت بە سەر شانی چەپتدا.

٣) ماچکردنی (حجر الاسود) ئەگەر هاتوو بۆت کرا و نەبوویت بە مایەی ناڕەحەت کردنی کەسانی دیکە، وە ئەگەر نا تەنها بەدەستی ڕاستت ئاماژەی بۆ بکە.

٤) قسـه نەکردن لەکاتی تەواف کردندا، مەگەر لەبەر کارێکی پێویست نەبێت.

٥) سوننەتە مرۆڤ سەرگەرمی ذیکر ونزا وپاڕانەوە بێت، چونکە کات وجێگایـەکی پیرۆزە، وخوای گەورە نزا وپاڕانەوەی بەندەکانی وەردەگرێت.

٦) دەست هێنان بە ڕوکنی یەمانیدا، بەبێ ماچکردنی.

٧) دوو ڕکات نوێژ کردن لە پشت (مەقامی ئیبراهیمە) ـەوە پاش لێبوونەوە لە تەواف کردن.

چوارەم : هاتوچۆی نێوان صەفا و مەروە.

حوکمی سەعی نێوان صەفا و مەروە:

هاتوچۆی نێوان صەفا ومەروە ڕوکنێکە لە ڕوکنەکانی حەجکردن، بەشێوەیـەک حەجی کەس دروست نییە بەبێ هاتوچۆی نێوان صەفا ومەروە.

## مەرجەکانی دروستی هاتوچۆی نێوان صەفا ومەروە ئەمانەی خوارەوەیە:

١) دەبێت لە دوای تەوافێکی ڕاست ودروستەوە بێت.

٢) دەبێت ڕەچاوی تەرتیب بکرێتو بەشێوەیەک بێت یەکەمجار لەصەفاوە دەست پێ بکەیت وکۆتا جار لە مەروەوە کۆتایی پێ بهێنیت.

٣) دەبێت هاتوچۆی نێوان صەفا ومەروە حەوت شەوتی تەواو بێت، بەشێوەیەک ڕۆشتنێک لە صەفاوە بە شەوتێک دەژمێرێت وهاتنەوەش لە مەروەوە بۆ صەفا بە شەوتێکی تر.

پێنجەم: وەستان لە عەرەفە:

حوکمی وەستان لە عەرەفە:

وەستان لە عەرەفە ڕوکنێکە لە ڕوکنەکانی حەج، بەشێوەیەک حەجی کەس دروست نییە بەبێ وەستان لە عەرەفە، لەم بارەیەشەوە پێغەمبەر ε فەرموویەتی: {الحج عرفة} ([16]) واتا: حەج عەرەفەیە، مەبەست لە وەستان لە عەرەفە مانەوەیە لەوێ نەک وەستان بە پێوە.

## مەرجەکانی وەستان لە عەرەفە:

١) دەبێت وەستان ومانەوە لە زەوی عەرەفە بێت، بۆ زیاتر ئاسانکاریش ئێستا کۆمەڵە تابلۆیەکی زۆر گەورە نووسراون کە سنوری عەرەفەی بۆ موسڵمانان وحاجیانیماڵی خوا دیاری کردووە، لەبەر ئەوە پێویستە حاجیان ئاگاداری ئەوە بن مانەوەکەیان لە ناو زەوی عەرەفە بێت، چونکە مانەوە لە دەرەوەی سنوری عەرەفە حەجی حاجیان بەتاڵ دەکاتەوە، بۆیە لێرەدا دوو تێبینی دەخەینە بەردەم خوێنەری بەرێز:

یەک: مانەوە لە شیوی عورنە و لەو مزگەوتەی پێی دەڵێن مزگەوتی ئیبراهیم یان مزگەوتی عورنە دروست نییە.

دوو: نەمیرە ناکەوێتە ناو سنوری عەرەفەوە، وە لە سنوری حەرەمیشدا نییە، بەڵام هێندە هەیە

سوننەتە پاش هەڵهاتنی خۆر لە نەمیرەوە دابەزیت و پاشان بچیتە ناو عەرەفەوە.

بە نیسبەت مزگەوتی نەمیرەشەوە ڕووی پێشەوەی دەکەوێتە ناو عورنەوە کە بە عەرەفە ناژمێررێت، مزگەوتی نەمیرە ئەو مزگەوتەیە کە ئیمام ووتاری ڕۆژی عەرەفەی تێدا دەخوێنێتەوە، و بەشی دواوەوەی دەکەوێتە سنوری عەرەفەوە، کە ئێستا بە تابلۆی نوسراو ئەمە دەستنیشان کراوە.

٢) دەبێت مانەوە لە عەرەفە لەو کاتەدا بێت کە دیاری کراوە بۆ مانەوە، کاتەکەشی ئەو کاتەیە کە ڕۆژ لە ناوەڕاستی ئاسمان لە نۆیەم ڕۆژی مانگی (ذی الحجە) لادەدات، وە کاتەکەشی بە سپێدەی بەیانی ڕۆژ قوربان کۆتایی دێت، جا هەر کەس پاش سپێدەی ڕۆژی قوربان هات بۆ عەرەفە، ئەوە حەجەکەی دروست نییە، لێرەشدا ئاماژە بەچەند تێبینیەکی گرنگ دەکەین:

یەک: هەرکەس بە ئەندازەی ساتێکی کەمیش لە عەرەفە بمێنێتەوە لە پاش لادانی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمانی ڕۆژ نۆیەمی مانگی (ذی الحجە) تاوەکو سپێدەی ڕۆژی قوربان کە دەکاتە ڕۆژی دەیەمی (ذی الحجە)، جا بە پێوە بێت یان بە دانیشتانەوە یان بە سوارییش بێت، حەجەکەی دروستە.

دوو: واجبە لەسەر ئەو کەسەی کە ڕۆژ ڕۆیشتوە بۆ عەرەفە تاوەکو پاش ئاوابوونی خۆر لەوێ بمێنێتەوە، وە دروست نییە پێش ئاوابوونی خۆر عەرەفە بەجێ بهێڵێت، جا ئەگەر پێش ئاوابوونی خۆر عەرەفەی بەجێ هێشت، حەجەکەی دروستە، بەڵام دەبێت شەکێک سەر ببڕێت.

سێ: هەرکەسێک پێش ئاوابوونی خۆر عەرەفەی بەجێ هێشت، بەڵام پاشان پێش سپێدەی ڕۆژی قوربان گەڕایەوە بۆ عەرەفە،

حەجەکەی دروستە، و واجب نییە لەسەری هیچ خوێنێک بدات.

چوار: هەرکەس تەنها شەوی دەیەمی مانگی (ذی الحجە) لە عەرەفە بمێنێتەوە، حەجەکەی دروستە وهیچیشی لەسەر واجب نابێت.

٣) ئەو کەسەی کە لە عەرەفە دەمێنێتەوە دەبێت لە ئیحرامدا بێت، مانەوەی کەسێک ئیحرامی نەبەستبێت وپاشـــان بیەوێت نیەتی ئیحرام بهێنێت حەجی بۆ دروست نییە.

حوکمی ئەو کەسەی کە لە عەرەفە نامێنێتەوە:

هەرکەسێک مانەوەی عەرەفەی لەدەستچوو، ئەو کاتە حەجەکەی دەگۆڕێت بۆ عومرە، و تەواوی مەناسیەکەکانی تر کە پاش عەرەفە دێن، وەک مانەوەی شەو لە موزدەلیفە، و مانەوەی شەو لە مینا، و بەرد گرتنە جەمەرەکان هەر هەموویانی لەسەر

هەڵدەگیرێت، تەنها تەواف و هاتوچۆی نێوان صەفا ومەروە دەکات لەگەڵ سەرتاشین یان کورتکردنەوەی، بەڵام دەبێت بۆ ساڵانی تر قەزای ئەو حەجە فەوتاوەی بکاتەوە کە لەدەستی چوو بوو، لە هەمان کاتدا دەبێت شەکێکیش سەر ببڕێت، ئەگەر نەیتوانی سێ ڕۆژ لەحەج بەڕۆژوو دەبێت، وحەوت ڕۆژی تر کاتێک گەڕایەوە ناو ماڵ و منالی خۆی.

هەندێک بابەت پەیوەستن بە وەستانی عەرەفەوە:

بابەتی یەکەم: دروستە مانەوە لە عەرەفە ئەگەر پاکوخاوێنیش نەبیت، مەبەستیشمان لە پاکوخاوێنی ئەوەیە دروستە ئەگەر دەست نوێژیشت نەبێت لە عەرەفە بمێنیتەوە، هەروەها دروستە بۆ ئافرەتانێک کە لە سوڕی مانگانەدا یان تازە منالیان بووە لە عەفەرە بمێننەوە ومانەوەکەشیان دروستە و هیچی تێدا نییە،

چونکە پاکوخاوێنی بەمەرج نەگیراوە بۆ مانەوە لە عەرەفە.

بابەتی دووەم: هەرکەسێک بە خەوتووی لە عەرەفە بمێنێتەوە، مانەوەکەی دروستە و هیچ تێدا نییە، بەڵام ئەگەر هاتوو لەهۆش خۆی چووو زانایان لەم بارەیەوە ڕایان جیاوازە، ڕای پەسەند و دروستیش ئەوەیە کە مانەوەکەی دروستە.

## سوننەتەکانی مانەوە لە عەرەفە:

١) خۆشۆردن بۆ مانەوە لە عەرەفە.

٢) ڕۆشتن لە میناوە بۆ عەرەفە، پاش هەڵهاتنی خۆری ڕۆژی عەرەفە، ئەویش پاش ئەوەی ڕۆژێک پێشتر حاجیان سوننەت وایە لە مینا بمێننەوە کە بە (یوم الترویه) ناسراوە.

٣) سوننەته ئیمام پاش ئەوەی خۆر له ناوەڕستی ئاسمان لایدا ووتارێک پێش نوێژی نیوەڕۆ بخوێنێتەوە.

٤) سوننەته حاجیان نوێژی نیوەڕۆ وعەسر به کۆکراوەیی و پێش خستن لەکاتی نوێژی نیوەڕۆدا پێکەوه ئەنجام بدەن.

٥) زۆر یادی خوای گەوره کردن، وپاڕانەوه نزا وتەلبیه کردن.

٦) کاتێک وویستی له عەرەفه بەرەو موزدەلیفه بچێت زۆر به هێواشی ولەسەر خۆی وویقارەوه بڕوات، وه هەرکاتێکیش فرسەتی دەستکەوت وڕێگا قەرەباڵەخ نەبوو هەنگاوەکانی خێراتر بکات.

٧) بەدەم ووتنەوەی یادی خوای گەوره و ذیکری ((لبيك اللهم لبيك، لبيك لا شريك لك

لبيك، إن الحمد والنعمة لك والملك، لا شريك لك)) عەرەفە بەجێ بهێڵێت.

ئەو شتانەی کە مەکروهن و باش نییە حاجی لەڕۆژی عەرەفە ئەنجامیان بدات:

١) باش نییە حاجی ڕۆژی عەرەفە بەڕۆژوو بێت، بەڵکو سوننەت وایە کە بەرۆژوو نەبێت، ئەمەش ڕای جمهوری زانایانی ئیسلامە.

٢) پەلەکردن لەڕۆیشتن بەجۆرێک ببێت بەمایەی ئەزیەت وئازاری خەڵکانی تر.

٣) باش نییە نوێژی سوننەت کردن لە نێوان هەردوو نوێژی نیوەڕۆ وعەسر لە عەرەفە، ئەویش بە بەڵگەی فەرموودەکەی جابری کوڕی عەبدوڵڵا (خوای لێ ڕازی بێت) کە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: « ... ثم أذن ثم أقام فصلى الظهر، ثم أقام فصلى العصر، ولم يصل بينهما شيئا »([17]) واتا: پاشان بانگدەر بانگی دا،

ئەمجا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلمεنوێژی نیوەڕۆی کرد، پاشان نوێژی عەسریشی کرد، وە هیچ نوێژێکی لە نێوانیاندا ئەنجام نەدا.

## شەشەم: مانەوەی شەو لە موزدەلیفە:

مانەوەی شەو لە موزدەلیفە واجبێکە لە واجبەکانی حەج، هەرکەسێک بەجێی نەهێنێت دەبێت بە خوێنێک قەرەبووی بکاتەوە([18]) بە بەڵگەی ئەو ئایەتە پیرۆزەی کە خوای گەورە دەفەرموێت:ﮋفَإِذَآ أَفَضۡتُم مِّنۡ عَرَفَٰتٖ فَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ عِندَ ٱلۡمَشۡعَرِ ٱلۡحَرَامِۖﮊ ([19]) واتا: هەر کاتێک لە عەرەفات دابەزین و گەڕانەوە، یادی خوا بکەن لەلای (مشعر الحرام) کە کێوێکە لە داوێنی مزدلفه یە.

هەروەها عروەی کوڕی مچرس فەرموودەیەکی گێراوەتەوە کە پێغەمبەر ε فەرموویەتی: {من شهد صلاتنا هذه ووقف معنا

حتى ندفع، وقد وقف بعرفة قبلُ ليلاً أو نهاراً، فقد أتم حجه وقضى تفثه} واتا : هەرکەسێک لەم نوێژەماندا ئامادە بێت، وە لە عەرەفە لەگەڵماندا بوەستێت هەتا ئەو کاتەی لێی دەردەچین، لە عەرەفە وەستا پێش هاتنی شەو، یان بەڕۆژ، ئەوە حەجەکەی تەواو بووە و نوسوکەکانی بەجێهێناوە.

## کاتی مانەوە لە موزدەلیفە:

کاتی مانەوە لە موزدەلیفە لە پاش ڕۆژئاوا بوونەوە دەست پێ دەکات هەتاوەکو هەڵهاتنی سپێدەی بەیانی، وە سوننەتە لە موزدەلیفە بمێنیتەوە تاوەکو دونیا ڕووناک دەبێتەوە، وە ئەو کەسانەی کە پیر وپەککەوتە و مناڵ و ژنیان لەگەڵدایە ڕێگایان پێدراوە لە پاش نیوەی شەو لە موزدەلیفە دەربچن بۆ ڕەمی جەمەرەی (العقبة).

حوكمی ئەو كەسەی كە شەو لە موزدەلیفە نەمێنێتەوە.

هەركەسێک لەبەر بیانویەكی شەرعی بۆی نەكرا لە موزدەلیفە بمێنێتەوە، وەک ئەو كەسەی كە بۆی نەكرابێت لە عەرەفە بمێنیتەوە لە كۆتایی شەوەوە نەبێت، ئەوە هیچی لەسەر نییە ئەگەر لە موزدەلیفە نەمایەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو هیچ بیانویەكی شەرعی نەبوو، لەسەر ڕای جمهوری زانایان دەبێت ئاژەڵێک سەر ببڕێت.

## ئەو كارە سوننەت و مەشروعانەی لە موزدەلیفە ئەنجام دەدرێن:

١) سوننەتە حاجیان لە موزدەلیفە نوێژی مەغریب و عیشا بە كۆكردنەوە و دواخستن ئەنجام بدات، پێكەوە بە بانگێک و دوو قامەت بیانكات.

٢) پاش ئەوەی حاجی شەو لە موزدەلیفە مایەوە مەشروعە لەیەکەم کاتیەوە نوێژی بەیانی ئەنجام بدات، پاشان بڕوات بۆ (مشعر الحرام) ولەوێ بوەستێت ودەست بکـــات بە پاڕانەوە و نزاکردن ولەخودا پاڕانەوە.

حەوتەم : بەرد دان لە جەمەرەکان (ڕەمی جەمەرات):

حوکمی بەرد دان لە جەمەرەکان:

جمهوری زانایان پێیان وایە بەرددان لە جەمەرەکان واجبە، وە هەرکەسێک ئەنجامیـــان نەدات، یان هەندێکیان واز لێ بێهێنێت، دەبێت ئاژەڵێک سەرببڕێت.

کاتی بەرد دان لە جەمەرەکان:

کاتی بەرددان لەجەمەرەی (العقبە) لەپاش هەڵهاتنی خۆری یەکەم ڕۆژی قوربان دەست پێ دەکات وبەردەوام دەبێت تاوەکو

خۆرئاوابوون، بەڵام پیروپەککەوتە و ژن ومناڵ دەتوانن پاش ئەوەی کە لە دوای نیوەی شەو لە موزدەلیفە بەرەو مینا دەرچوون دەتوانن بەردەکانیان لە جەمەرەی (العقبە) بدەن.

بەڵام لە ڕۆژانی (أيام التشريق) دا کە دەکاتە ڕۆژی (یازدە و دوازدە وسیازدە) ی مانگی (ذی الحجە) ی کۆچی دەبێت لە پاش لادانی ڕۆژ لە ناوەڕاستی ئاسمان بەردەکان بدەن لە هەر سێ جەمەرەکە، دروست نییە پێش ئەو کـــاتە بیهاوێژن، وە هەتا هەڵهاتنی سپێدەی بەیانی کاتەکەی بەردەوامە.

## مەرجەکانی بەرد دان لە جەمەرەکان:

١) دەبێت بۆ هەر جەمەرەیەک حەوت بەرد بهاوێژرێت.

٢) دەبێت ئەو حەوت بەردە بەحەوت جار بهاوێژێت، واتا: ئەگەر هاتوو ئەو حەوت

بەردەی هەموو بەجارێک هاوێشت، یان دوو بەردی بەیەکەوە، یان سێ بەردی بەیەکەوە هاوێشت، ئەوە تەنها بەیەک هاویشتن بۆی دێتە ژماردن.

٣) دەبێت ئەو بەردانەی کە دەیهاوێژێت بکەونە ناو حەوزەکەوە، ئەگەر هاتوو نەکەوتنە ناو حەوزکەوە ئەوە بۆی ناژمێرێت و دەبێت لەبری ئەوە بەردێکی تر بهاوێژێتەوە.

٤) دەبێت ئەو حەوت بەردە یەک لە دوای یەک بیانهاوێژێت و نێوانیان نەکەوێت، مەگەر کاتێک نەبێت لەبەر قەرەباڵەخی بۆی نەکرێت یەک لەدوای یەک بیانهاوێژێت، ئەو کاتە قەیدی ناکات، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی:ژفَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْژ([20])واتا:هێندەی دەتوانن لەخوابترسن وتەقوای خواتان هەبێت، هەروەها فەرموویەتی: ژلَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا

وُسْعَهَاژ([21]) واتا: خوای گەورە ئەرک ناخاتە سەر هیچ کەسێک مـــەگەر بە قەدەر توانایی خۆی نەبێت.

٥) دەبێت ڕەچاوی یەک لەدوای یەکی بەردەهاوێشتن بۆ جەمەرەکان بکرێت، واتا: سەرەتا لە جەمەرەی بچووک بدرێت پاشان لە ناوەند، ئەمجا لە گەورە.

حوکمی بریتی (وەکیل) گرتن بۆ بەرد دان لە جەمەرەکان:

١) دروستە بۆ لێپرسراوی مناڵ ئەگەر حاجی بوو، لەبری منالە حاجیەکەی بەردەکانی بهاوێژێت، ئەگەر ترسی قەرەباڵەخی هەبوو.

٢) دروستە بۆ ئەو کەسەی کە لەبەر پیری، یان نەخۆشی، یان لەبەر سک پڕی، یان لەبەر هەر بیانویەکی شەرعی تر، کە ناتوانێت بەردەکانی بهاوێژێت، کەسێکی تر بکات بە بریکاری

خۆی و بەردەکانی بۆ بهاوێژێت، بەڵام بەو مەرجەی ئەو بریکارە خۆیشی حەج بکات و لەپاش ئەوەی بەردەکانی خۆی هاوێشت بەردەکانی ئەویش بوەشێنێت([22]).

## سوننەتەکانی بەردهاوێشتنی جەمەرەکان:

١) باشتر وایە لەکاتی بەردهاوێشتن بۆ جەمەرەی (العقبە) مینا بخاتە دەستی ڕاستیەوە و شاری مەککە بخاتە لای دەستی چەپیەوە، خۆ ئەگەر ئەمـــەی بۆ نەکرا ئەوا دروست لەهەر لایەکەوە بۆی کرا بەردەکانی بهاوێژێت.

٢) بەردەکان با بە ئەندازەی دەنکە نۆکێک بن.

٣) سوننەت وایە ئەو بەردانەی کە خەڵکی تر هاوێشتوونی کەسێکی تر نەیانهاوێژێتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو هاوێشتی جمهوری زانایان پێیان وایە قەیدی ناکات و هیچی لەسەر نییە.

٤) ووتنی (الله أكبر) لەگەڵ هەموو بەردێک کە دەیهاوێژێت.

٥) کاتێک کە دەستی کرد بە بەرد هاوێشتن بۆ جەمەرەی (العقبە) لەیەکەم ڕۆژی جەژن ئیتر واز بهێنێت لە ووتنی (لبيك اللهم لبيك ....).

٦) پاش بەردهاوێشتن بۆ جەمەری بچوک وناوەند سوننەت وایە نزای زۆر بکات لەخوای گەورە و زۆر بپاڕێتەوە.

هەشتەم: سەرتاشین یان کوورتکردنەوەی:

## حوکمی سەرتاشین یان کورتکردنەوەی:

سەرتاشین یان کوورتکردنەوەی، یەکێکە لە واجبەکانی حەج، هەرکەسێک ئەنجامی نەدات دەبێت ئاژەڵێک سەر ببڕێت، بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە سەرتاشین یان کوورتکردنەوەی واجبێکە لە واجبەکانی حەج، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ لَتَدْخُلُنَّ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ إِن شَاءَ

اللَّهُ آمِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ لَا تَخَافُونَ﴾([23]) واتا: بەویستی خوا دەچنەناو کەعبەی پیرۆزەوە، (عومرە بەجێدەهێنن) سەرەتان دەتاشن یان کورتی دەکەنەوەبێ ئەوەی ترس و بیمتان لەکەس هەبێت.

کاتی سەرتاشین:

کاتی سەرتاشین و کورتکردنەوەی لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە مرۆڤ لە موزدەلیفە دەردەچێت بۆ مینا بۆ ڕەمی جەمەرەکان، وە دروستە دوای بخات بۆ کۆتا ڕۆژ لە ڕۆژەکانی (ڕیام التشریق)، بەڵام سوننەت وایە کە پاش ئەوەی ڕەمی جەمەرەی عەقەبەی کرد لەیەکەم ڕۆژی جەژن و هەدیەکەی سەر بڕی ئەمجا سەری بتاشێت یان کورتی بکاتەوە، وەك خـــــوای گەورە فەرموویەتی:﴿وَلَا تَحْلِقُوا رُءُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ﴾([24]) واتا: سەرتان مەتاشن، وئیحرام مەشکێنن هەتا

ئاژەڵی قوربانی و هەدیەکانتان نەگاتە جێگەی دیاریکراوی خۆی.

چەند بابەتێک دەربارەی سەرتاشین وکوورتکردنەوەی قژ:

بابەتی یەکەم: زانایان یەکڕان لەسەر ئەوەی کە سەرتاشێن باشترە لە کورتکردنەوەی.

بابەتی دووەم: دروستە ئەو کەسەی کە حەجی (تەمەتوع) دەکات کاتێک کە عومرەکەی تەواو کرد قذی کورت بکاتەوە، و تاشینی دوابخات بۆ کاتی حەجەکەی، خۆ ئەگەر هاتوو نێوان عومرە وحەجەکەی درێژ بوو، بە شێوەیەک قذی سـەری جارێکی تر ڕەش دەبوویەوە، ئـەوا باشتر وخێرتر ئەوەیە کە بیتاشێت.

بابەتی سێهەم: ڕای پەسەندی زانایان ئەوەیە ئەگەر قژت کورت کردەوە یان تاشیت دەبێت هەمووی بگرێتەوە، نەک چەند تاڵە موویەکی

لێ بکەیتەوە، یان لایەکی سەرت بتاشیت و واز لە لایەکی تری بهێنیت، چونکە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلمεکاتێک سەری تاشی هەمووی تاشی نەک هەندێکی.

## نۆیەم: سەر برینی ئاژەڵ (ذبح الهدى):

مەبەست لەم سەربڕینە:

مەبەست لە (ذبح الهدى) سەر بڕینی ئەو ئاژەڵەیە کە عومرەکار یان حاجی بە مەبەستی ڕەمەزامەندی ونزیک بوونەوە لەخوای گەورە سەری دەبڕێت، لە مــەڕ یان بزن یان ووشتر یــان گوێرەکە ومانگا.

جۆرکانی سەربڕینی ئاژەڵ (الهدى):

ئەم ئاژەڵ سەربڕینە دەکرێت بەدوو بەشەوە:

١) سەربڕینی شوکر کردن: مەبەست لەسەربڕینی ئەو ئاژەڵەیە کە واجبە لەسەر

حاجی (متمتع) و (قارن) سەری ببڕن، وەک شوکر و سوپاسێک بۆ خوای گەورە کە کاری ئەنجامدانی ئەو شەعیرە گەورەیە کە حەجی ماڵەکەیەتی بۆ ئاسانکردن، حوکمەکەشی واجبە لەسەریان سەر ببڕن.

٢) سەربڕینی قەرەبووکردنەوە: ئەمەیش بۆ قەرەبوو کردنەوەی کەموکورتیەکە لەکاتی ئەنجامدانی حەج یان عومرەدا ڕوو دەدات، ئەویش کاتێک یەکێک لە واجبەکانی حەج ئەنجام نەدرێت، یان قەدەغەکراوێک لە قەدەغەکراوەکانی ناو حەج ئەنجام بدرێت، یان ڕێگریەک ڕوو بدات لە تەواو کردنی حەج یان عومرە.

جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە لە سەربڕینیش ئەوەیە: ئەگەر کەسێک ئاژەڵی بۆ شوکر کردن سەر بڕی، واتا: بۆ حەجی (تمتع) و (قارن) بوو دەتوانێت خۆیشی لە گۆشتەکەی بخوات، بە

پێچەوانەی ئەو سەر بڕینەی وەک قەرەبوو سەر دەبڕرێت، کە نابێت ئەو کەسەی ئەو ئاژەڵە سەر دەبڕێت لە گۆشتەکەی بخوات، بەڵکو دەبێت بیکات بە خێر ودابەشی بکات بەسەر هەژارانی شاری مەککەدا.

## مەرجەکانی ئەو ئاژەڵەی سەر دەبڕریت:

١) لە (بهيمة الانعام) بێت، واتا: مەڕ و بزن و ووشتر و مانگا بێت.

٢) دەبێت هیچ عەیب وکەمووکورتیەکی تێدا نەبێت.

٣) ئەگەر ووشتر بوو، دەبێت پێنج ساڵی تەواو کردبێت، ئەمیش دەکرێت بۆ حەوت کەس سەر ببڕرێت، ئەگەر مانگاش بوو دوو ساڵی تەواو کردبێت، ئەمەیش بۆ حەوت کەس دەبێت، ئەگەر مەڕ بوو شەش مانگی تەواو کردبێت، وە ئەگەر بزنیش بوو ساڵێکی تەواو کردبێت،

ئەم دووانەی دواییان هەر یەکەی بۆ کەسێک دەبێت.

٤) دەبێت لەو کاتەی کە لەسوننەتدا دیاری کراوە سەر ببڕرێت، کە لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانەوە دەست پێ دەکات هەتاوەکو خۆرئاوابوونی ڕۆژی سیانزەی (ذی الحجە) واتا چوارەم ڕۆژی جەژن.

٥) دەبێت (هدی) سەر برین لە سنوری حەرەمی مەککەدا بێت، و دروست نییە لە دەرەوەی ئەو سنورە سەر ببڕرێت.

## دەیەم : مانەوەی شەو لە مینا :

حوکمی شەو مانەوە لە مینا : جمهوری زانایان مانەوەی شەو لە مینا بە واجب دەزانن، جا بۆیە هەرکەسێک شەو لە مینا نەمێنێتەوە (فدیە) یەکی لەسەر واجب دەبێت، جا ئەگەر هەموو شەوەکان یان شەوێکیش بێت، ڕایەکی تر هەیە

دەڵێت: ئەگەر کەسێک جگە لەو کەسانەی کە خاوەنی (عذر) بیانووی شەرعین، تەنها شەوێک لە مینا مایەوە، بەڵام شەوەکانی تری جێ بەجێ نەکرد و لەوێ نەمایەوە، ئەوە با بە پێی توانای خۆی خێر وصەدەقەیەک بکات، ئیمامی ئەحمەدیش بەلایەوە وایە، ئەگەر مانەوەی شەوی یازدە و دوازدەی بە ئەنجام نەگەیاند دەبێت شەکێک سەر ببڕێت([25])، ئەم ڕایەش هەریەک لە شێخ ابن باز([26])، و شـــێخ ابن عثيمين پەسەندیان کردووە([27]).

چ کەسانێک مانەوەی شەویان لەسەر نییە لە مینا؟

کەسێک نەخۆش بێت، وە ئەو کەسەشی کە یارمەتیدەر و لەگەڵیایەتی، هەروەها ئەو کەسانەشی کە سەرگەرمی بەرژەوەندی ودابینکردنی پێداویستی حاجیانیماڵی خودان، شەو مانەوەیان لە مینا لەسەر دەکەوێت ئەگەر

وا پێویستی کرد کە شەو لە مینا نەمێننەوە، ئەمەش بە لێکۆڵینەوەی کەسانێک دەبێت کە ڕاوبۆچوونیان جێگای پەسەندکردنە.

چەندێک بەسە بۆ شەو مانەوە لە مینا؟

دەبێت حاجیانی ماڵی خودا زۆربەی زۆری شەوەکانی یازدە ودوازدەی مانگی (ذی الحجە) لە مینا بمێننەوە ئەگەر (تعجل) پەلەیان بوو کە شەوی سیازدە نەمێننەوە، وە زۆربەی زۆری شەوەکانی یازدە ودوازدە وسیازدە بۆ ئەو کەسانەی کە (تأخر) دەکەن وپەلەیان نییە کە زوو لە مینا دەربچن.

هەندێک لەو هەڵە و کەموکورتیانەی کە حاجیان ئەنجامی دەدەن([28]):

## ئەمەی کە دەیخەینە ڕوو هەندێک لەو هەڵە وکەموکورتیانەن کە حاجیان ئەنجامی دەدەن،

## پێویستە برایان وخوشکان ئاگاداری بن ودوور بکەونەوە لێی:

١) نیەتی لە حەجکردن بازرگانی وڕیا وڕوپامایی وناو وناوبانگ خۆهەڵکیشان بێت بەسەر خەڵکیدا.

٢) سەفەر کردنی ئافرەتان بۆ حەجکردن بەبێ مەحرەم.

٣) هەندێک لە حاجیان وادەزانن کە دروست نییە نەعل لەپێ بکەن، یان کاتژمێر لەدەست بکەن، یان چاویلکە لەچاو بکەن، هەندێک شتی تر کە حاجی لەکاتی حەجکردنەکەیدا پێویستیەتی، ئەمەش یەکێکە لە هەڵەکان، لەڕاستیدا هەموو ئەو شتانەی کە ئاماژەمان پێدان دروستە حاجیان بەکاریان بهێنن.

٤) هەندێک لە حاجیان وادەزانن ئیحرام لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە ئەو دوو پارچە

قوماشە سپیەی لەخۆی ئاڵاند، بۆیە لەو کاتەوە کە لەخۆی دەئاڵێنێت ئیتر وازدەهێنێت لە قەدەغەکراوەکانی ناو ئیحرام، کە لەڕاستیدا ئیحرام لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە نیەتی حەج دەهێنێت، نەک لەو کاتەوەی کە ئەو دوو پارچە لەخۆی دەئاڵێنێت.

٥) زۆربەی زۆری حاجیان خۆیان پابەند دەکەن بە هەندێک دوعا وذیکری تایبەت لەکاتی تەوافکردندا، جا خۆیان بە تەنها بن یان هەندێک جار بەکۆمەڵیش ئەو دوعا وذکیرانە دەکەن، ئەمەش یەکێکە لەو هەڵانەی کە حیاجیان ئەنجامی دەدەن، چونکە لەڕاستیدا تەوافکردن دوعا ونزایەکی تایبەتی نییە.

٦) هەندێک لەحاجیان ڕوکنی یەمانی ماچ دەکەن، ئەمەش یەکێکی تر لە هەڵەکان، چونکە ڕوکنی یەمانی سوننەتە تەنها دەستی لێ بدرێت نەک ماچ بکرێت، خۆ ئەگەر حاجی بۆیشی

نەکرا دەستی لێ بدات، سوننەت نییە دەستی بۆ هەڵببڕرێت وئاماژەی بۆ بکرێت، وەک هەندێک لە حاجیان دەیکەن.

٧) هەندێک لە حاجیان لەکاتی تەوافکردن وقەرەباڵەخیەکەیدا تەوافەکەیان لەناو (حجری ئیسماعیل) وە ئەنجام دەدەن، دەبێت ئەو کەسانە بزانن هەر شەوتێکی تەواف لە ناو (حجری ئیسماعیل) وە بکرێت تەواو نییە ودەبێت دووبارە بکرێتەوە، چونکە (حجری ئیسماعیل) بەشێکە لە کەعبە.

٨) هەندێک لە حاجیان بە (مضطبع)ی دەمێننەوە واتا: چمکی قوماشەکەی سەر پشتیان هەر لە بنهەنگڵی ڕاستیان دەهێڵنەوە هەتاوەکو دوو ڕکات نوێژە سوننەتەکەی پشت (مەقامی ئیبراهیم) یش دەکەن، ئەمەش یەکێکی ترە لە هەڵە وکەموکورتیەکان، چونکە پاش

تەواوکردنی تەواف دەبێت حاجی شانی داپۆشێت.

٩) هەندێک لە حاجیان وادەزانن دوو رکات نوێژە سوننەتکەی تەواف هەر دەبێت لە پشت (مەقامی ئیبراهیم)ـەوە بێت، ئەمەش ڕاست نییە، بەڵکو دروستە لە هەر جێگایەکی ناو مزگەوت ئەنجام بدرێت، پێویستە حاجیان ئەوە بزانن کە لەبەر ئەنجامدانی ئەو ڕکاتە نوێژە ئەزیەت وئازاری برایان وخوشکانی خۆیان نەدەن.

حەجکردن هەنگاو بە هەنگاو

- چێشت تەنگاوی ڕۆژی هەشتی مانگی (ذی الحجە) کە پێیشی دەوترێت (یوم الترویە) ([29]) حاجی هەر لەو جێگایەی کە ماوەتەوە، جل وپۆشاک لەبەری خۆی دادەماڵێت وپاکو خاوێن خۆی دەشوات وبۆنی خۆش لەخۆی دەدات و سەر وڕیشی بە کەمێک زەیت چەور

دەكات، ئەمجا دوو پارچە قوماشی سپی لەخۆی دەئاڵێنێت، بەیەكێكیان دامێن وقاچ وقولی دادەپۆشێت، بەوەی تریشیان شان ومل وبەرۆكی، ئەگەر كاتی نوێژە فەرزەكان بوو نوێژەكەی دەكات، وە گەرنا دوو ڕكات سوننەتی دەست نوێژ ئەنجام دەدات، كاتێكیش لە نوێژەكەی بوویەوە نیەتی ئیحرام دەهێنێت بۆ حــەج كــردن، دەڵێت: (لبيك اللهم حجا) یان (لبيك حجا) وە ئەگەر ترسی هەبوو لەوەی كە ڕێگریەكی بۆ دروست ببێت لە تەواوكردنی حەجەكەی ئەوا با بڵێت: {وإن حبسني حابس فمحلي حيث حبستني} خۆ ئەگەر هیچ ترسی نەبوو ئەوا پێویست بە ووتنی ئەمە ناكات.

- پاشان دەڕوات بۆ مینا ونوێژی نیوەڕۆ وعەسر ومەغریب وعیشا بە كورتكراوەیی بەبێ كۆكردنەوە ئەنجام دەدات، چونكە پێغەمبەری خوا ع لە مینا نوێژەكانی كوورت دەكردەوە بەبێ ئەوەی كۆیان بكاتەوە، مەبەست

لە کورت کردنەوەیش ئەوەیە نوێژە چوار ڕکاتیەکان بە دوو ڕکات ئەنجام بدرێت.

- ڕۆژی نۆیەمی مانگی (ذی الحجه) کە بە ڕۆژی عەرەفە ناسراوە لەگەڵ خۆر هەڵهاتنی ئەو ڕۆژە حاجیان لە میناوە بەرەو عەرەفە بەرێدەکەون، وە سوننەتە لە لەلای مزگەوتی (النمرە) وە دابەزێتە ناو سنووری عەرەفە، خۆ ئەگەر بۆیشی نەکرا لەوێوە بچێتە ناو عەرەفە هیچ قەیدی ناکات، چونکە وەک ووتمان سوننەتە.

- کاتێکیش خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان لایدا نوێژی نیوەڕۆ وعەسر بە کورت وکۆکراوەیی لەکاتی نیوەڕۆدا ئەنجام دەدات، واتا: پێشیان دەخات نەک دوایان بخات، ئەمجا پاش نوێژەکانیان حاجیان خۆیان یەکلایی دەکەنەوە بۆ یاد وذیکری خودا وپاڕانەوە و دوعای خێر بۆ خۆیان وماڵومنداڵ وخزم وکەسو کاریان،

سوننەتە حاجیان بەدڵی شکاو ونواندنی زەلیلی
بۆ پەروەردگاریان دەسەکانیان بەرز بکەنەوە
ڕووو بکەنە قیبلە  و زۆر لەخوای گەورە
بپاڕێنەوە کە حەجەکەیان لێ قبوڵ بکات
وبیکات بەمایەی سڕینەوەی تاوان
وگوناهەکانیان، باشترین وچاکترین نزا
وپاڕانەوە وذکرێکیش کە پێغەمبەری خودا
صلی الله علیه وسلمεلەو ڕۆژەدا کردبێتی
ووتنەوەی ذیکری  {لا إله إلا الله وحده لا شريك
له، له الملك وله الحمد وهو على كل شيء
قدير}   با حاجیان کۆتایی ڕۆژی عەرەفە بەهەڵ
بگرن وپێش ئەوەی ئەو جێگا و شوینە پیرۆزە
بە جێ بهێڵن زۆر لەخوای گەورە بپاڕێنەوە و
دواکانیان بۆ لای ئەو ذاتە پیرۆزە بەرز
بکەنەوە و  هەرچی نیاز وڕازی خۆیان هەیە
لای ئەو بیکەن، چونکە پەرروەردگار زۆر
میهرەبان وبەڕەحمە لەگەڵ بەندەکانیادا ودەستی
کەس بە بەتاڵی ناگەڕێنێتە دواوە، چونکە

باشترین دوعا و نزا، دوعا و نزای ڕۆژی عەرەفەیە.

- پاش ڕۆژ ئاوا بوونیش بەرەوە (موزدەلیفە) بەرێدەکەون، کاتکێش گەیشتنە ئەوێ، نوێژی مەغریب وعیشا بە بەیەکەوە وبەکۆکراوەیی ئەنجام دەدەن، خۆ ئەگەر ترسی ئەوەی هەبوو کە پاش نیوە شەو دەگاتە (موزدەلیفە) ئەوە دروستە پێش ئەوەش بگاتە ئەوێیش لەڕێگا نوێژەکانی ئەنجام بدات، چونکە دروست نییە نوێژ دوابخرێت بۆ دوای نیوە شەو.

- ئەو شەوە لە (موزدەلیفە) دەمێننەوە تا کاتی سپێدەی بەیان، ئەمجا نوێژی بەیانی بە بانگ و قامەتێک دەکەن، پاشان ئەگەر بۆیان کرا بۆ نزا وپاڕنەوە بەرەو (مشعر الحرام) بەڕێ بکەون، ویەکخواپەرستی بۆ پەروەردگاریان دوپات بکەنەوە و زۆر (الله أکبر) بکەن، ئەمجا تا دونیا ڕووناک دەبێتەوە لەخوای گەورە

بپاڕێنەوە، خۆ ئەگەر بۆیان نەکرا بچنە (مشعر الحرام) ئەوە دەکرێت هەر لەجێگای خۆیانەوە نزا وپاڕانەوەکانیان بکەن، بەڵام ئاگاداری ئەوە بن لەکاتی نزا وپاڕانەوەدا با دەسەکانیان بۆ ئاسمان بەرز بکەنەوە و ڕوویشیان لە قیبلە بێت.

- کاتێکش دونیا تەواو ڕووناک بوویەوە، وپێش ئەوەی خۆر هەڵبێت، بەرەو مینا بەرێ بکەون، کاتێک کە گەیشتنە مینایش، کە یەکەم ڕۆژی جەژن دەکات جەمەرەی (العقبە)، ئەو جەمەرەیەی کە دەکەوێتە کۆتایی هەر سێ جەمەرەکەوە لە ڕووی شاری مەککەوە بە حەوت بەردی یەک لەدوای یەک ڕەجم دەکات، هەر بەردێکیان بە ئەندازەی دەنکە نۆکێک ببن، لەگەڵ هەر بەرد هاوێشتنێکیش سوننەتە (الله أکبر) ێک بکات.

- کاتێکیش لە بەرد هاویشتنەکەی بوویەوە شەکێک سەر دەبڕێت، یان ووشترێک یان مانگایەک بۆ حەوت کەس، دوای ئەوە ئەگەر پیاو بوو سەری دەتراشێت، وە ئەگەر ئافرەتیش بوو هەموو پرچی کۆ دەکاتەوە وبە ئەندازەی سەری پەنجەیەک مووی پرچی هەڵدەقاچێت.

- دواتر دەچێت بۆ شاری مەککە بۆ ئەنجامدانی تەوافی (إفاضة)، وهاتوچۆی نێوان صەفا و مەروە، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ مینا، هەردوو شەوی یازدە ودوازدەی مانگی (ذی الحجە) لەوێ دەمێنێتەوە، ڕۆژەکانیشی پاش ئەوەی خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان لایدا بەرد دەدات لە هەر سێ جەمەرەکە، باشتریش وایە بە پێ بچێت بۆ بەردهاویشتنی جەمەرەکان، خۆ ئەگەر بە ئۆتۆمبیلیش یان سواری ئاژەڵێک بچێت هیچی تێدا نییە ودروستە، سەرەتا حەوت بەردی یەک لەدوای یەکی دەهاوێژێت بۆ جەمەرەی یەکەم، لەگەڵ هەموو بەردێکیشدا

سوننەتە (الله أكبر) بکات، ئەو جەمەرەی کە دورترینیانە لەشاری مەککەوە، وپاش مزگەوتی (خیف) دێت، پاشان کەمێک بەدەستی ڕاستدا دەچێتە پێشەوە ودەستەکانی بەرز دەکاتەوە و ڕوو دەکاتە قیبلە ونزای خێر بۆ خۆی وکەسە نزیکەکانی وموسڵمانان بەگشتی بکات، خۆ ئەگەر نەیتوانی زۆر بە پێەوە بوەستێت ئەوە هەر هێندەی سوننەتەکە جێ بەجێ بکات کەمێک نزای خێر بکات.

ئەمجا حەوت بەردی یەک لەدوای یەکی تر دەهاوێژێت بۆ جەمەرەی ناوەڕاست، لەگەڵ هەموو بەردێکیش (الله أكبر) دەکات، ئەمجا کەمێک دەچێتە پێشەوە وئەگەر بۆی کرا دەستەکانی بەرز دەکاتەوە وبەدرێژی نزا ودوعای خێر دەکات، ئەگەر بۆیشی نەکرا بەدرێژی بوەستێت ئەوە هەر هێندەی کە سونەتەکە جێ بەجێ بکات نزای خێر دەکات.

پاشان حەوت بەردی یەک لەدوای یەک دەهاوێژێت بۆ جەمەرەی (العقبە) ئەو جەمەرەیەی کە دەکەوێتەر ڕووی شاری مەککەوە، و لەگەڵ هەموو بەردێکیشدا (الله أکبر) دەکات، هێندە هەیە لەپاش بەردهاوێشتن بۆ جەمەرەی (العقبە) دەبێت ئەوە بزانین سوننەت نییە بوەستێت بۆ نزا ودوعای خێر کردن.

- ئەمجا پاش ئەوەی کە شەوەکانی یازدە ودوزادەی مانگی (ذی الحجە) لە مینا مایەوە وڕۆژەکانیشی هەر سێ جەمەرەکەی بەرد لێدا، ئەگەر وویستی پەلە بکات لە مینا نەمێنێتەوە ئەوە دەبێت پێش خۆر ئاوابوون لە مینا دەربچێت، خۆ ئەگەر نەیشی وویست پەلە بکات، ئەوا شەوی سیازدەیش دەمێنێتەوە وڕۆژەکەیشی وەک ڕۆژەکانی تر هەر سێ جەمەرەکە بەرد لێدەدات، بێگومان پەلە نەکردنیش خێری زیاترە، ئەگەر هاتوو ڕۆژی

دوازدەیەم پێش خۆرئاوابوون لە مینا دەرنەچوو ئەوا واجب دەبێت لەسەری شەوی
سیازدەهەمیش بمێنێتەوە، وڕۆژەکەشی پاش ئەوەی خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان لایدا هەر سێ جەمەرەکە بەرد لێ بدات، بەڵام ئەگەر هاتوو ڕۆژی دوازدەیەم بە غەیری وویستی خۆی دواکەوت لەوەی کە پێش خۆرئاوابوون لە مینا دەربچێت، وەک ئەوەی کەلوپەلەکەی پێچایەوە وئامادەبوو بۆ دەرچوون لە مینا بەڵام بەهۆی قەرەباڵەخی ڕێگا وزۆری حاجیان وئۆتۆمبیلەوە نەیتوانی پێش خۆرئاوابون لە مینا دەربچێت ئەوا واجب نابێت لەسەری بمێنێتەوە بۆ ڕۆژی دواتر کە دەکاتە ڕۆژی سیازدەیەم.

- دوای ئەوەی حاجیان ئەرکەکانی پاش ڕۆژی جەژنیان تەواو کرد، لە بەردهاوێشتنی جەمەرەکان وبەجێگەیاندنی (هەدی، سەربڕینی ئاژەڵ) وسەرتاشین، وتەوافی ئیفاضە، وسەعی نێوان صەفا و مەروە و مانەوەی شەوەکان لە

مینا، ئەوا دەتوانن بگەڕێنەوە وولاتی خۆیان، بەڵام پێش ئەوەی بگەڕێنەوە واجبە تەوافی ماڵئاوایی (طواف الوداع) ئەنجام بدەن، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەرεصلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: {لا ينفر أحد حتى يكون آخر عهده بالبيت} ([30]) واتا: هیچ کەسێک لە ئێوە لە (حەرەم) دەرنەچێت هەتاوەکو کۆتا کاری تەواف کردن دەبێت بە دەوری بەیتدا، لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە {أمر النـــاس أن يكون آخر عهدهم بالبيت إلا أنه خفف عن الحائض} ([31]) واتا: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلمεفەرمانی کرد بەخەڵکی کە کۆتا کاریان تەوافی بەیت بێت، ئەوە نەبێت ئەم تەوافەی لەسەر ئافرەتانی خاوەن سوڕی مانگانە لابراوە .

کەواتە ئەو ئافرەتانەی کە لە سوڕی مانگانەدان یان لەخوێنی منداڵ بووندان تەوافی ماڵئاوایی (طواف الوداع) یان لەسەر واجب نییە.

- دەبێت ئەوە بزانین کۆتا کار کە حاجی دەبێت بیکات پاش ئەوەی خۆی پێچایەوە ئەوەیە تەوافی ماڵئاوایی (طواف الوداع) بکات، جا پاش تەوافی ماڵئاوایی ئەگەر چاوەڕیی هاوەڕێکانی کرد، یان خەریکی بارکردنی کەلوپەلەکەی بوو، یان لەسەر ڕێگا خەریکی کڕینی هەندێک پێداویستی بوو، هیچ قەیدی ناکات وزیان نادات لە تەوافەکەی، وە واجب نییە تەوافەکەی دووبارە بکاتەوە لەکاتێکدا نەبێت کە نیەتی دواخستنی سەفەری هەبێت بۆ وڵاتەکەی، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو نیەتی هەبوو سەر لەبەیانی سەفەر بکات، ودواتر تەوافی ماڵئاوایی کرد، بەڵام پاشان نیەتی هێنا کە سەفەرەکەی دوابخات بۆ سەر لەئێوارە، لەم کاتەدا واجبە لەسەری کە جارێکی تر تەوافی ماڵئاوایی بکاتەوە، بۆ ئەوەی کۆتا کاری بریتی بێت لە تەوافی بەیت.

- ئەگەر هاتوو حاجیان نیەتی زیارەتکردنی مزگەوتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلمεو شاری مەدینەیان هەبوو، دەتوانن پێش ئەنجامدانی حەج یان پاش حەج کردن ئەوا دەتوانن ئەو زیارەتە بکەن، چونکە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلمεفەرموویەتی: {لا تشد الرحال إلا إلى ثلاثة مساجد: المسجد الحرام والمسجد الأقصى ومسجدي هذا} ([32]) واتا: کۆڵ و بار مەپێچنەوە بە مەبەستی سەفەرکردن و ڕۆیشتن بۆ هیچ مزگەوتێک بە مەبەستی خواپەرستی بۆ سێ مزگەوت نەبێت: مزگەوتی حەرام (لە مەککە)، ومزگەوتی ئەقصا (لە بيت المقدس)، ومزگەوتەکەی من (لە مەدینەی منەووەرە).

جا دەبێت بزانین زیارەتکردنی شاری مەدینەیش دەبێت مەبەست ونیەت لێی خواپەرستی وعیبادەت بێت لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم، نەک

تەنها مەبەست پێی زیارەتکردنی گۆڕەکەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بێت، چونکە عیبادەتکردن لەمزگەوتی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەزڵێکی گەورەی هەیە، ئەوەتانێ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەبارەی نوێژکردنەوە لە مزگەوتەکەی خۆی فەرموویەتی: {صلاة في مسجدي هذا خير من ألف صلاة فيما سواه إلا المسجد الحرام} ([33]) واتا: نوێژێک لەم مزگەوتەی من هەزار جار خێری زیاترە لەمزگەوتەکانی تر، جگە لە مزگەوتی حەرام نەبێت (چونکە لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە نوێژێک لە مزگەوتی حەرام خێری صەد جار لە نوێژی مزگەوتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم زیاترە) ([34]).

جا برای حاجی بەرێزم: کاتێک گەیشتیتە مەدینە بڕۆ بۆ مزگەوتی پێغەمبەر صلى الله

عليه وسلم، سەرەتا قاچی ڕاستت پێش بخە وئەم ذیکرە بخوێنە:

{بسم الله، والصلاة والسلام على رسول الله، اللهم اغفر لي ذنوبي وافتح لي أبواب رحمتك، أعوذ بالله العظيم، وبوجهه الكريم، وبسلطانه القديم من الشيطان الرجيم} ئەمجا دوای ئەوە هەرچەندێکی دەوێت نوێژ بکات، بەڵام واباشترە ئەگەر کرا لەناو (ڕەوچە) بێت، کە دەکەوێتە نێوان گۆڕەکەی پێغەمبەر ε ومینبەرەکەیەوە، چونکە ئەو جێگایە باخێکە لەباخەکانی بەهەشت، وەک پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: {ما بين بيتي ومنبري روضة من رياض الجنة}([35]) واتا: نێوان ماڵەکەم ومینبەرەکەم باخێکە لەباخەکانی بەهەشت.

جا کە لەنوێژکردن تەواو بوو، ئەو کاتە لە گۆڕی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم

نزیک بێتەوە بە ئەدەبێکەوە سەلامی لێ بکات وبڵێ: {السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته، اللهم صل على محمد، وعلى آل محمد كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم إنك حميد مجيد، اللهم بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم إنك حميد مجيد. أشهد أنك رسول الله حقاً، وأنك قد بلغت الرسالة، وأديت الأمانة، ونصحت الأمة، وجاهدت في الله حق جهاده، فجزاك الله عن أمتك أفضل ما جزى نبيًّا عن أمته} دواتر کەمێک بەلای ڕاستدا بڕوات وسەلام لە ئەبو بەکری صدیق بکات (خوای لێ ڕازی بێت) وداوای ڕەزامەندی خوای گەورەی بۆ بکات، ئەمجا کەمێکی تر بچێت بڕوات بەولاوە وسەلام لە عومەری کوڕی خەتاب بکات (خوای لێ ڕازی بێت) وداوای ڕەزامەندی خوای گەورەی بۆ بکات، خۆ ئەگەر نزا ودوعای خێری بۆ ئەبو بەکری صدیق وعومەری کوڕی خەتاب کرد (خوایان لێ

ڕازی بێت) بەشێوەیەکی جوان وپەسەند ئەوە کارێکی باشە.

- ئەبێت بزانین ئافرەت نابێت زیارەتی گۆڕی پێغەمبەری خوا بکات ع چونکە لەفەرموودەیەکدا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نەفرینی کردووە لەو ئافرەتانەی کە زیارەتی گۆڕەکان دەکەن، و گۆڕەکان دەکەن بەشوێنی نوێژ ودەیکەن بەچراخان([36])، بەڵام دەکرێت هەر لەناو مزگەوتەکەی پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم کە نوێژی تێدا دەکات سەلامیشی لێ بکات، چونکە گومان لەوەدا نییە لەهەر جێگایەکەوە صەلات وسەلام لەسەر پێغەمبەری خواعصلى الله عليه وسلم بدەیت پێی دەگات .

جا دواتر سوننەتە پیاوان سەردانی گۆڕستانی بەقیع بکەن کە زۆرێک لە گۆڕی هاوەڵە بەرێزەکانی لێیە، کە چوویە ناویەوە سوننەتە

ئەم ذیكره بخوێنێت: {السلام عليكم أهل الديار من المؤمنين والمسلمين وإنا إن شاء الله بكم لاحقون، يرحم الله المستقدمين منا ومنكم والمستأخرين، نسأل الله لنا ولكم العافية، اللهم لا تحرمنا أجرهم، ولا تفتنا بعدهم، واغفر لنا ولهم} ([37]).

عومره وئەحكامەكانی

پێناسەی عومره: عومرەكردن بریتیه له عیبادەتكردنێكی تایبەت كه دەبێت له جێگایەكی تایبەت ئیحرامی بۆ ببەسترێت، وهەر به ئیحرامەوه تەواف به دەوری كەعبەدا بكرێت، وپاشان هاتووچۆی نێوان صەفا ومەروه ئەنجام بدرێت وپاش تەواوكردنی ئەو هاتوچۆیه به تاشین یان كورت كردنەوەی مووی سەر بۆ پیاوان وقرتاندنی به ئەندازەی سەری پەنجەیەك بۆ ئافرەتان تەواو دەبێت([38]).

حوكمی عومره:

لەسەر ڕای پەسەندی زانایان عومرە کردن لە ژیاندا یەکجار واجبە([39]) ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە عائیشەی دایکی باوەڕداران (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم: ئایا ئافرەتان جیهادیان لەسەر واجبە؟ ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی: {نعم عليهن جهاد لا قتال فيه: الحج والعمرة} ([40]) واتا: بەڵێ جیهادێکیان لەسەر واجبە کە کوشتن وبڕینی تێدا نییە، ئەویش حەج و عومرەیە.

چۆنیەتی ئەنجامدانی عومرە:

هەرکاتێک هەر موسڵمانێک وویستی عومرە ئەنجام بدات، لەکاتی ئیحرام بەستنی حەجدا چی دەکرێت لە کاتی ئیحرامی بەستنی عومرەیشدا بیکات، لە خۆشۆردن وبۆنی خۆش لەخۆدان

ونوێژکردن، پاشان نیەتی ئیحـــرامی عومره بهێنێت وبڵێ: (لبيك اللهم عمرة).

- پاشان بەدەنگی بەرز دەست بکات بەووتنەوەی ذیکری «لبيك اللهم لبيك، لبيك لا شريك لك لبيك، إن الحمد والنعمة لك والملك لا شريك لك» بەڵام ئافرەتان دەبێت بە دەنگی بەرز ئەم ذیکره نەڵێنەوه.

- ئەگەر کەسێک ترسی ئەوەی هەبوو کە ڕێگریەک یان کۆسپ وتەگەرەیەک بێتە پێشی، ئەوە پێویستە لە دوایی نیەتی ئیحرام هێنان بڵێ: (فإن حبسني حابس فمحلي حيث حبستني).

کاتێکیش گەیشتە ناو (بيت الحرام) کەعبەی پیرۆز قاچی ڕاستی پێش بخات وبڵێ: (بسم الله، والصلاة والسلام على رسول الله، اللهم اغفر لي ذنوبي، وافتح لي أبواب رحمتك).

- پاشان بڕوات بۆ دەست کردن بە تەواف کردن بە دەوری کەعبەی پرۆزدا، ئەگەر بۆی کرا دەست بدات لە (حجر الاسود) وماچیشی بکات، بەڵام ئەگەر بۆی نەکرا تەنها بە دەستی (إشارە) ئاماژەی بۆ بکات و(الله أكبر) ی لەگەڵدا بکات، وسونەت نییە دەستی ماچ بکات.

- لەکاتی تەواف کردنیشدا دەتوانێت هەر دوعا ونزایەکی خێر کە دەیەوێت بۆ خۆی وخزم وکەسوکاری وموسڵمانان بەگشتی بکات، یان هەر ذیکر وویردێکی تری مەشروع.

- کاتێکیش گەیشتە ڕوکنی یەمانی ئەگەر بۆی کرا دەستی پێدا بهێنێت، وە ئەگەر نەیشیتوانی ئەوا گرنگ نییە، بەڵام سوننەتیش نییە ئاماژەی بۆ بکات.

- ئەو کەسەی دەیەوێت عومرە بکات لەسەرەتای دەست پێکردنی تەوافەوە تا کۆتای دێت سوننەت وایە (إضطباع) بکات، واتا:

ناوەڕاستی ئەو پارچە قوماشە یان ئەو پارچە خاولیەی کە دەیدات بە سەروشان وملیدا، لەبنهەنگڵی ڕاستیەوە بیهێنیتەوە وبیدات بەسەر شانی چەپیدا، ئەمەش تایبەتە بە تەوافی (قدوم) بۆ عومرە وحەج، نەک بۆ تەوافی ئیفاضە.

- لەکاتی تەواف کردنیشدا سوننەت لە سێ شەوتی یەکەمدا کەمێک هەنگاوەکانی خێراتر بکات ووهەڕوەلە بکات، بەڵام ئەگەر هاتوو زانی هەڕوەلەکردنی دەبێتە مایەی ئەزیەت وئازار بۆ کەسانی تر ئەوە با ئەو هەڕوەلەیە نەکات، چونکە هەڕوەلە کردن سوننەت وئەزیەت نەدانی خەڵکی بەتایبەتی لەو جێگا پیرۆزانەیشدا واجبە.

- کاتێکیش لە تەواف کردن لێ بوویەوە، ئەوا سوننەتە لە پشت مەقامی ئیبراهیمەوە دوو رکات نوێژ بکات.

- ئەمجا دەچێت بۆ هاتوچۆی نێوان صەفا ومەروە، کاتێک لە صەفا نزیک بوویەوە سوننەتە ئەو ئایەتە بخوێنێت: ﴿إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَائِرِ اللَّهِ ۖ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا ۚ وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ اللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ﴾ دواتر دەچێتە سەر صەفا تا ئەو ئەندازەی کە کەعبەی پیرۆزی لێ دەردەکەوێت، جا ئەو کاتە ڕووی تێ بکات ودەستەکانی بەرز بکاتەوە و سوپاسی خوای گەورە بکات و نزا و دوعای خێر بکات.

- جا کە لە نزا و دوعاکانی بویەوە دەست بکات بە ڕۆشتن بۆ مەروە، وە کاتێکیش گەیشتە پەرچەمە سەوزەکە (ئێستا بەچەند گڵۆپێکی سەوز) دەست نیشان کراوە، سوننەتە دەست بکات بە هەڕوەلە کردن بەڵام بەو مەرجەی نەبێت بە مایەی ئەزیەت وئازاری کەسانی تر، جا هەر کاتێک گەیشتە کۆتایی گڵۆپە سەوزەکان ئیتر ڕۆشتنەکەی ئاسایی بکاتەوە، تا

دەگاتە سەر مەروە، ئەوەی کە لەسەر صەفا کردی لەسەر مەروەیش بیکاتەوە.

- کاتێکیش لە هەر حەوت هاتوچۆکەی نێوان صەفا ومەروە بویەوە، سەری دەتاشێت، یان هەموو سەری کورت دەکاتەوە، بەڵام ئافرەتان هەموو پرچیان کۆدەکەنەوە و بە ئەندازەی سەری پەنجەیەکی لێ دەقرتێنن، کە نزیک بە دوو سانتیمەتر دەکات.

- هێندەش هەیە دەبێت عومرەکارانی بەرێز بزانن ڕۆیشتن لە صەفاوە بۆ مەروە جارێکە وهاتنەوەیش لە مەرووەوە بۆ صەفا جارێکی ترە.

- بەمەش موسڵمانانی بەرێز لە عومرەکەیان دەبنەوە.

ئەرکانەکانی عومرە:

عومرە سێ ڕوکنی هەیە:

١) ئیحرام بەستن.

٢) تەواف کردن بەدەوری کەعبەدا.

٣) هاتوچۆی نێوان صەفا و مەروە.

واجبەکانی عومرە:

واجبەکانی عومرە دوانن:

١) ئیحرام بەستن لە میقات.

٢) سەرتاشین یان کوورت کردنەوەی.

تێبینی: هەرکەسێک یەکێک لە ڕوکنەکانی عومرە نەکات، ئەوا عومرەکەی بەتاڵە دەبێتەوە، وە هەرکەسیک واجبێک لە واجبەکان ئەنجام نەدات، ئەوا عومرەکەی بەتاڵ نابێتەوە بەڵام دەبێت فدیەیەک بدات کە بریتیە لە سەر بڕینی ئاژەڵێک لە حەرەمی مەککە ودابەشکردنی بەسەر هەژارانی ئەو شارەدا.

---

([1]) سهيرى: حاشية ابن عابدين: (٢/٤٥٤)، حاشية الدسوقي: (٢/٢) الروض الربع: (٣/٥٠٠) بكه .

([2]) سورة آل عمران: الآية ٩٧.

([3]) رواه البخاري ومسلم .

([4]) رواه مسلم في الحج، باب فرض الحج والعمرة مرة في العمر (٣٣٢٢).

([5]) بدائع الصنائع : (٢/١١٨).

([6]) المغني : (٥/٦).

([7]) رواه مسلم في الإيمان، باب كون الإسلام يهدم ما قبله (١٢١)

([8]) رواه البخاري في المناسك، باب فضل الحج المبرور (١٥٢١)، ومسلم في الحج، باب فضل الحج والعمرة ويوم عرفة (٣٣٥٧)

([9]) رواه البخاري في الجهاد، باب درجات المجاهدين في سبيل الله (٢٧٨٤).

([10]) رواه البخاري في العمرة في باب العمرة (١٧٧٣) ومسلم في الحج باب فضل الحج والعمرة ويوم عرفة (١٣٤٩).

([11]) سورة آل عمران : الآية ٩٧.

([12]) مەبەست لە(أيام التشريق) ڕۆژى يازده و دوازده و سيازدەى مانگى ذي الحجة يە، واتا دووەم ڕۆژ و سێهەم ڕۆژو وچوارەم ڕۆژ جەژنى قوربان .

([13]) سەيرى شروط الاستطاعة في "أحكام القرآن" لابن العربي: (٢٨٨/١)، و" الجامع

لأحكام القرآن" للقرطبي: (١٤٨/٤) و" أضواء البيان" للشنقيطي: (٧٤/٥) بكه.

([14]) سورة البقرة: الآية ١٩٧.

([15]) سهيرى في ذلك بدائع الصنائع (١٨٣/٢)، بداية المجتهد (٣٧٥/٤)، المجموع للنووي (٢٤٩/٦) ، المغني (٥٣/٥) بكه .

([16]) أخرجه أحمد فى مسنده ورواه أبو داود والترمزى والنسائى وابن ماجه فى السنن بكه.

([17]) رواه مسلم بحديث رقم (١٢١٨) .

([18]) بدائع الصنائع (١٣٥/٢) ، المقنع (٤٦٩/١).

([19]) البقرة : ١٩٨.

([20]) سورة التغابن : الآية ( ١٦ )

([21]) سورة البقرة : الآية (٢٦٨).

([22]) کتێبی (الحج) ی دانەر : (لاپەڕە : ١١٧).

([23]) سورة الفتح : الآية ٢٧.

([24]) سورة البقرة : الآية ١٩٦ .

([25]) الإنصاف في معرفة الراجح من الخلاف (٣٦/٤).

([26]) مجموع فتاوى العلامة عبد العزيز بن باز رحمه الله (٣٨٦/١٧).

([27]) مجموع فتاوى ورسائل فضيلة الشيخ محمد بن صالح العثيمين (٢٥٧/٢٣).

([28]) سەیری کتێبی (الحج) ی دانەر (لاپەڕە : ١٥٥) بکە .

([29]) یوم التروية : ئەم ڕۆژە بۆیە بەم ناوەوە ناونراوە چونکە خەڵکی و حاجیان جاران لەو ڕۆژەگارەدا دەفر و قاپ و کونەی

ئاوەکانیان لە شاری مەککە پڕ دەکرد و بەشی ئەو ماوەیەی کە لەوێ دەمێننەوە لەگەڵ خۆیاندا دەیانبردن بۆ مینا، چونکە لەو ڕۆژەگارەدا لە مینا ئاو نەبوو بۆ خواردنەوەی خۆیان و ووڵاخ و ماڵاتەکانیان، وە هەندێکی تر دەڵێن بۆیە بەم ناوەوە ناونراوە چونکە خوای گەورە لەو ڕۆژەدا مەناسیکەکانی حەجی فێری ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت) کردووە.

([30]) رواه مسلم، في كتاب الحج، باب وجوب طواف الوداع وسقوطه عن الحائض (١٣٢٧).

([31]) رواه البخاري في الحج ، باب طواف الوداع (١٧٥٥)؛ ومسلم في الحج ، باب وجوب طواف الوداع (١٣٢٨).

([32]) رواه البخاري ومسلم .

([33]) رواه البخاري ومسلم .

([34]) وعن ابن الزبير (رضي الله عنهما) قال : قال رسول الله e : { صلاة في مسجدي هذا أفضل من ألف صلاة فيما سواه، إلا المسجد الحرام، وصلاة المسجد الحرام أفضل من صلاة في مسجدي هذا بمائة صلاة } (رواه أحمد، وصححه ابن حبان) .

([35]) رواه البخاري (١١٩٦) ومسلم (١٣٩١) .

([36]) رواه أحمد (٤/٤٥٨) رقم (١٩٢٦)، وأبو داود في كتاب الجنائز _ باب في زيارة النساء القبور _ رقم (٢٨١٧)، والترمذي في أبواب الصلاة _ باب ما جاء في كراهية أن يتخذ على القبر مسجدا _ رقم (٢٩٤)، والنسائي في كتاب الجنائز _ باب التغليظ في اتخاذ السرج على القبور _ رقم (٢٠١٦)، وحسنه الألباني في المشكاة رقم (٧٤٠).

([37]) رواه مسلم في كتاب الجنائز ،باب ما يقال عند دخول القبور والدعاء لأهلها برقم (٩٧٤) (٩٧٥)، وابن ماجه في كتاب ما جاء في الجنائز، باب ما جاء فيما يقال إذا دخل المقابر برقم (١٥٤٧).

([38]) الممتع شرح زاد المستقنع، للشيخ ابن عثيمين رحمه الله (٨/٧).

([39]) المغني (١٣/٥)، روضة الطالبين (١٧/٣).

([40]) رواه أحمد (١٦٥/٧١/٦) وابن ماجه في المناسك، باب الحج جهاد النساء (٢٩٠١) وصححه الألباني في الإرواء برقم (٩٨١)